
گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۶۰

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۶۰ – به فرانبار – ژانویە ۲۰۲۵

## خەبات لەدژی سزای ئێعدام بکەینە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری

## کرێکاران ئاڵای خەبات لەدژی ئێعدام بگرنە دەست



### ژنانی ئازادیخوازی ئێران

### شکستیان بە یاسای حیجاب و عیفاف هێنا



### کۆنفرانسی ١٣ی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی

### حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوەچوو


کۆمۆنیستەکان و مەزهەب

مانگرتن و ناڕەزایەتیی بازاڕییان لە تاران؛
ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی تێکەوەدەپێچن

مانگرتن فێرگەی خەباتی چینایەتیی
کرێکاران دژی سەرمایەداران

کاریگەرییەکانی ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد لەسەر کۆماری ئیسلامی

پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی ئاژاوە و بشێوی لە سووریە

بەیادی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ۹٦، ئەو دە ڕۆژەی ئێرانی هەژاند

بەیاننامەی کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام":
بێدەنگبوون لە بەرامبەر وەها کارەساتێک، پەرەی پێدەدات


## سەروتار

## بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کوردستانی سووریە لە کوانووی تاقیکردنەوەدا

لە دوازدەی نوامبری ٢٠١٣ و پێکهاتنی "شۆرای خۆبەڕێوەبەری کاتی لە کوردستانی سووریە" بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کە لەژێر سوڵتەی ڕژیمی بەشار ئەسەد هاتبوونەدەر، زیاتر لە یازدە ساڵ تێدەپەڕێت. ڕاگەیاندنی ئەم ڕێکخراوە خۆبەڕێوەبەرە بەدوای هەوڵ و ڕاوێژی " پارتی یەکێتی دیموکراتیک" لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی جەماوەری و دوای ئەوە ئەنجام درا کە هێزە چەکدارەکانی کوردستان، چەندین سەرکەوتنی بەرچاویان بەرامبەر بە هێرشی گرووپە تیرۆریستیە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لە ناوچە کوردنشینەکان بەدەستهێنا. حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری کاتی لە سێ کانتونی عەفرین، جەزیرە و کۆبانی پێکهێنرا و لەڕێگەی ئەنجومەنێکی ٨٢ کەسییەوە بەڕێوەدەبرا کە نوێنەرایەتی کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری و کەمینەکانی دیکەی دەکرد

هەر لەو سەردەمەدا و دوای ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەر لەلایەن هێزە سیاسی و ناوەندە جەماوەرییەکان لە کوردستانی سووریە، "ئەنجومەنی هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆنی سووریە" دەستبەجێ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و دامەزراندنی سیستمی خۆبەڕێوەبەری بە هەنگاوێک لەسەر ڕێگای جوداییخوازی ناوبرد و دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێی بە دوژمنایەتی کردن لەگەڵ شۆڕشی خەڵکی سووریە پێناسەکرد. هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی تورکیەش ڕاگەیاندنی خۆبەڕێوەبەرایەتیی لە کوردستانی سووریە قەبووڵنەکراو وەسفکرد. هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراقیش لە هەڵوێستێکی هاوشێوەدا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد و بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک حیزبی یەکێتیی دیموکراتیکی بە تاکڕەوی و مەترسی خستنە سەر چارەنووسی خەڵکی کورد تۆمەتبار کرد

بەڵام لەڕاستیدا دامەزراندنی شۆرای خۆبەڕێوەبەری کاتی لە کوردستانی سووریە لەلایەک دەرئەنجامی ئەو هاوسەنگییەی هێز بوو کە لەنێوەندی قەیران و شەڕی ناوخۆیی سووریەدا دروست بوو و لەلایەکی تریشەوە ئەنجامی چەندین ساڵ خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بوو لەدژی حکوومەتی ناوەند کە بەهۆیەوە کوردستان ببووە کۆمەڵگایەکی حیزبی و حیزبە سیاسییەکان تێیدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبوو. حزووری هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە شار و گوندەکان لەم قۆناغەی قەیرانی شەڕدا هێشتا بۆشایی سیستمێکی بەڕێوەبەری پڕ نەکردبووەوە کە لە نەبوونی دامەزراوەکانی سەربە دەوڵەتی ناوەندیدا ئیدارەی کاروباری ناوچەکانی

کوردستان بگرنە ئەستۆ. دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کاتی لە کوردستانی سووریە لەژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخە گشتییەدا و بۆ وڵامدانەوە بەم پێویستییە ڕاستەقینەیە پێکهات. ئەوەیکە ئایا ئەم ڕێکخراوە خۆبەڕێوەبەرە لەماوەی زیاتر لە دە ساڵدا توانیویەتی بەرژوەندی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی سووریە نوێنەرایەتی بکات، پێویستە بەپێی فاکتی بابەتی هەڵسەنگێندرێت. بەم حاڵەوە، هەر ئەوەیکە هێزەکانی پێکهێنەری حکوومەتی خۆبەڕێوەبەر، پێشوەختە خەڵکی کوردستانی سووریەیان لەژێر مەنگەنە و ئاکامە کارەساتبار و خوێناوییەکانی شەڕی کۆنەپەرستانەی هێزە دەوڵەتییەکان و بەرەی کۆنەپەرستی ئۆپۆزیسیۆن هێنایە دەر و بە چەکدار کردنی جەماوەر بەپێی توانای ئەو سەردەم سەنگەرێکی بەهێزیان بەرامبەر بە هێرشی بەردەوامی هێزەکانی داعش و میلیشیای کۆنەپەرستی سەربە تورکیە و هێرش و جەنایاتی جەنگی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە لەو ناوچەیەدا پێکهێنا و لە بەرامبەر ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشەیان لەم ئەزموونە دەکرد دیفاعیان کرد، دەستکەوتێکی گرینگ و حاشاهەڵنەگرە.

بۆ نموونە شۆرای خۆبەڕێوەبەری کاتی لە کوردستانی سووریە لەڕێگەی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن توانی هێرشی بەرینی داعش بۆ گەمارۆدانی کۆبانی و داگیرکردنی ئەم شارە تێکبشکێنێت. واتە ئەو هێزە کۆنەپەرستەی کە زیاتر لە ٣٠٠ گوندی داگیر کردبوو و پتر لە ٢٠٠ هەزار کەسی لە خەڵکی ناوچەکە ئاوارە کردبوو. لەو کاتدا گرووپی داعش بە یارمەتی دارایی، نیزامی و لۆجستیکی دەوڵەتانی تورکیە، عەرەبستان و قەتەر بۆ داگیرکردنی کۆبانی لە ئەنجامدانی هیچ جەنایەتێک دەستی نەدەپاراست. دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان دەیهەویست بە تێکشکاندنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی خەڵکی کوردستانی سووریە و بەرقەرارکردنی "خەلافەتی ئیسلامی" لەم ناوچەیە، پشتیوانێک بۆ خۆی و باقی حکوومەتە کۆنەپەرستەکان لەم ناوچەیە پێکبهێنێت. بەڵام لە کۆتاییەکانی ژانویەی ٢٠١٥دا شاری کۆبانی ئەم هێمایەی خۆڕاگری، دوای ١٣٤ ڕۆژ نەبەردی قارەمانانەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەرانبەر بە خوێنڕێژانی گرووپی ئیسلامی داعش، بەیەکجاری لەم هێزە دژەئینسانیە پاک کرایەوە. هەواڵی ئازادکردنی "کۆبانی" بوو بە سەردێڕی هەواڵەکانی جیهان و کۆبانی ئەم شارە بێ ناو و نیشانە وەک ڕەمزی ڕاوەستان و خۆڕاگری ناوبانگی جیهانی پەیدا کرد

دەستکەوتێکی بەنرخی ئەزموونی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سووریە، دەرکردنی بەیاننامەی پەیوەندیدار بە مافە سەرەتاییەکانی ژنان لە یەکی نوامبری ٢٠١٤ لەلایەن ئیدارەی هاوبەشی خۆبەڕێوەبەری لە کانتۆنی جەزیرە بوو. بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە هەنگاوێکی گرینگە لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان و دەستەبەرکردنی یەکسانی یاسایی نێوان ژن و پیاو لە کوردستانی سووریە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم بەیاننامەیە کە لەسەر بەرابەری نێوان ژن و پیاو لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هەروەها لەسەر مافی ژن لە چوارچێوەی بنەماڵەدا پێداگری دەکات، بەئاشکرا دژی فەرهەنگی کۆنەپەرستی ئیسلامی و فەرهەنگی پرتووکاوی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگادا. ڕاگەیاندنی یەکسانی یاسایی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و بەشداریکردنیان لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەر، لە دەستکەوتەکانی دیکەی ئەم ئەزموونەیە

بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کوردستانی سووریە یان "ڕۆژئاوا" بە هەموو ئەم دەستکەوتانەوە، لەئێستادا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی دایە. لەدوای ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد کە بەپێی بەرنامەی لەپێشدا ئامادەکراوی ڕژیمی فاشیستی تورکیە، ئەمریکا و لە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا ئەنجام درا، قۆناغێکی نوێ لە تاوانی شەڕ و داگیرکاری دەوڵەتی تورکیە لە کوردستانی سووریە دەستیپێکردووە. لە جەریانی شەڕی سووریەدا، دوای ئەوەیکە وتووێژەکانی "ئاستانە"ی ١ و ٢ و ٣ و وتووێژەکانی "سووچی" لە دەستڕاگەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی کردەوەیی بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی شەڕ بێ ئاکام مایەوە، دوای حەوت ساڵ شەڕ، لەسەر بنەمای هاوسەنگییەکی هێزی یەکجار ناپایەدار، ئاگربەستێکی لاوازیان بەرقەرار کرد. بەپێی ئەم ڕێککەوتنانە لە ساڵی ٢٠١٨ەوە بەرەو ئەملا پارێزگای ئیدلەب لە باکووری ڕۆژئاوای



سووریە کە سنووری هاوبەشی لەگەڵ تورکیە هەیە و ژمارەی دانیشتووانی یەک و نیو تا دوو ملیۆن کەسە، وەک شوێنی جێگیربوون و قەڵەمڕەوی هەیئەتی تەحریری شام دیاری کرا. هەیئەتی تەحریری شام لە هەمان کاتدا کە لەم ماوەیەدا تەمرینی دەسەڵاتداری دەکرد و هێزی کۆدەکردەوە، لەلایەن دەوڵەتانی تورکیە و قەتەرەوە لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمریکا لە بواری دارایی، لۆجستیکی و نیزامییەوە یارمەتی دەدرا و هێزەکانی وەک ئەرتەشێکی پڕۆفێشناڵ مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرا. درێژەی ڕەوتی پڕچەک کردن و ڕاهێنانی هەیئەتی تەحریری شام هاوکات بوو لەگەڵ دەشتپێکی شەڕی ڕووسیە و ناتۆ لە ئۆکراین و گەمارۆی ئابووریی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دژبە ڕووسیە کە بووە هۆی کەمبوونەوەی حزووری نیزامی ئەرتەشی ڕووسیە لە سووریە. حیزبوڵڵای لۆبنان و هێزەکانی قۆدسی سپای پاسداران و میلیشیای سەربە ڕژیمی ئیسلامیش کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە وەک پیادەنیزامی هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیە لە شەڕ لەگەڵ گرووپە جەهادییەکان و لە دیفاع لە ڕژیمی بەشار ئەسەد چالاکییان دەکرد، لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لەژێر زەربەی قورس و یەک لە دوای یەکی ئەرتەشی ئیسرائیلدا یەکجار لاوازبوون و توانای نیزامی خۆیان لەدەست دا. بەمجۆرە ستراتێژی پاراستن و مانەوەی ڕژیمی بەشار ئەسەد کە ئەساسەن بە کۆمەکی ماڵی و نیزامی دەوڵەتی ڕووسیە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەند بوو، گەیشتە بنبەست. لە وەها هەلومەرجێکدا دەوڵەتی تورکیە لە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتی قەتەر و لەڕێگەی هێزی هەیئەتی تەحریری شامەوە لە جەرگەی ناڕەزایەتی گشتی دژبە بارودۆخی سووریە و ڕژیمی بەشار ئەسەد و لە جەرگەی هاوسەنگی تازەی هێزدا، لە کۆمەڵگایەکدا کە بەهۆی شەڕ و وێرانییەوە تان و پۆی لێکهەڵوەشابوو، سێناریۆی هێرشی بەردەوام بۆ داگیرکردنی شار و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەرتەشی بەشار ئەسەد و سەرەنجام ڕووخاندنی ڕژیمی بەشار ئەسەد بەڕێوەچوو. فەرماندە گەندەڵەکان و ئەرتەشی لاوازی سووریە کە هیچ هاندەرێکیان نەبوو بۆ بەرگریکردن لە ڕژیمی ئەسەد، یەک لە دوای یەک بنکەکانیان ڕادەست کرد. ئەرتەشی ئیسرائیل لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمریکا بە هێرشی قورسی ئاسمانی و دەریایی بەشێکی بەرین لە ژێرخانە نیزامییەکانی سووریەی لەناو برد و بە کەڵک وەرگرتن لە بێهەڵوێستی هێزەکانی ئاشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوچەی ئارامی لە بەرزاییەکانی جەولان بۆ جارێکی تر بەتەواوی داگیر کرد و سێناریۆی دەست بە دەست بوونی دەسەڵاتی لەسەر سەری جەماوەری خەڵکەوە تەکمیل کرد.

لەئێستادا لە نەبوونی هێزی ڕێکخراو و شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز کە لە ئاکامی چەند دەیە سەرکوت و کوشتار و دوورخستنەوەدا، ڕیزەکانیان لاواز و پرژوبڵاو بووە، هاوپەیمانییەک لە هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان بە میحوەرییەتی هەیئەتی تەحریری شام بە پشتیوانی دەوڵەتی تورکیە و ئەمریکا و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی دیکەی ناوچەکە ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسییان لە سووریە گرتووەتە دەست. بێگومان ڕەوتی هەیئەتی تەحریری شام هەر ڕادەیەکیش بۆ پاراستنی ئامرازی دەسەڵات و ڕەزامەندی دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا هەڵوێستی پارێزکارانە بگرێتە بەر، بەڵام لەگەڵ سەقامگیربوونی پایەکانی حکوومەتەکەی، یاسا کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان بەڕێوەدەبات. لەم ڕووەوە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبی سووریە کە لەناو ترس و هیوادا جێژنی ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەدیان گرتووە، ڕێگایەکیان لەپێش نییە جگە لەوەیکە لەم قۆناغەی بۆشایی دەسەڵاتدا، بە هەر ئەندازەیەک کە دەتوانن ڕیزەکانیان ڕێک بخەن و لە هەر شوێنێک توانییان ناوەندەکانی دەسەڵاتی خۆیان دامەزرێنن.

دەوڵەتی تورکیە وەک یەکێک لە براوە سەرەکییەکانی قەیرانی سووریە لەلایەکەوە بە کاریگەری خستنە سەر ڕەوتی هەیئەتی تەحریری شام و لەلایەکی دیکەوە لەڕێگەی ئەو هێزە میلیشیا بەکرێگیراوانەی لەژێرناوی "ئەرتەشی میللی سووریە"دا ڕێکیخستوون، دەیهەوێ لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەورونەخشی هەبێت و ئامانجە چەند لایەنەکانی خۆی لە سووریە بەرەوپێش ببات. جگە لە ئامانجە ئابوورییەکان، بەدەستهێنانی زۆرترین پشک لە وەبەرهێنان بۆ ئاوەدانکردنەوەی سووریە و چارەسەرکردنی قەیرانی سێ ملیۆن پەنابەری شەڕ کە پەنایان بۆ تورکیە بردووە، یەکێک لە ئامانجە سیاسییە سەرەکییەکانی لەناوبردنی ئەزموونی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی سووریەیە

هاوکات لەگەڵ هەوڵی بەپەلەی هەیئەتی تەحریری شام بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە سووریە، لەئێستادا زیاتر لە سێ هەفتەیە هێزەکانی "ئەرتەشی میللی سووریە" و هاوپەیمانییەک لە هێزە کۆنەپەرستەکانی وەک "ئەحرارولشەرقیە"، "جەیشولشەرقیە"، "فرقەی سوڵتان موراد" کە هەر هەموویان بەکرێگیراوی دەوڵەتی فاشیستی تورکیەن، هێرشێکی بەرینیان لەژێرناوی "فەجری ئازادی" لە چەند بەرەوە دژبە هێزەکانی سووریەی دیموکرات دەستپێکردووە. لە جەریانی ئەم هێرشانەدا، درۆن و فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی تورکیە، بنکەی نیزامی هێزەکانی سووریەی دیموکرات بۆمباران دەکەن. تۆپخانەی ئەرتەشی تورکیە شاروچکە و گوندەکان و ژێرخانە ئابوورییەکانی ئەم ناوچەیە بوردومان

دەکات و هەتا ئێستا سەدان کەس کوژراون و برینداربوون و هەزاران کەسیش لە خەڵکی ناوچەکە ئاوارە بوون. دوای داگیرکردنی تەل ڕەفعەت و منبج لەلایەن هێزەکانی سەربە تورکیە، هێزەکانی هەیئەتی تەحریری شامیش لە هاوئاهەنگی لەگەڵ تورکیە، هێرشێکیان بۆ داگیرکردنی "تەل تەمر" و "ئەبوڕاسین" لە دەوروبەری حەسەکە و شاری حەسەکە دەستپێکرد و لەگەڵ هێزەکانی سووریەی دیموکرات تێکهەڵچوون. هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوڵەتی تورکیەی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناتۆ، ئەم هێرشە بەرینەی کە زیاتر لە سێ هەفتەیە بەردەوامە لە ڕێککەوتن لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکای نیشتەجێ لەم ناوچەیە ئەنجام داوە. ئامانجی سەرەکی تورکیە داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریەی دیموکرات و لاوازکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری خەڵکی کوردستانی سووریە لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی هەیئەتی تەحریری شامدایە.

ئەم هێرشە بەرین و هاوئاهەنگە لەدژی خەڵکی کوردستانی سووریە لە کاتێکدایە کە ئەحمەد شەرع ڕێبەری هەیئەتی تەحریری شام هەتا ئێستا گەلێک جار بۆ نموونە لە کۆنفڕانسی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی تورکیە لە دیمەشق، لەسەر چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی هێزە چەکدارەکان، لەوانە هێزە چەکدارەکانی کوردستان و تێکەڵ کردنیان لەگەڵ ئەرتەشی سووریە تەئکیدی کردووە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هێزەکانی سووریەی دیموکرات کە بڕبڕەی پشتی "یەکینەکانی پاراستنی گەل" و "یەکینەکانی پاراستنی ژن" پێکیدەهێنن، ڕیشەی لە ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستاندایە. ئەم هێزە چەکدارە بەشێک لە دەستکەوتی بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کوردستانی سووریەیە. ئەگەر بەکرێگیراوانی سەربە دەوڵەتی تورکیە لەناو لات و لۆمپەنە ئیسلامییەکان و کۆنەپەرستانی ناوچەیی بۆ هێرش کردنە سەر گیان و ماڵی خەڵک دەستچن کراون، ئەگەر هەیئەتی تەحریری شام بەرهەمی تێکشکاندنی ئاخێزی ساڵی ٢٠١١ و پەراوێزخستنی خەڵکی سووریە و دەستتێوەردانی دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەیە، بەڵام هێزەکانی سووریەی دیموکرات لەناو خەڵکی کوردستاندا سەریانهەڵداوە و خەڵکی ئەم ناوچەیە لەڕێگەی هەر ئەم هێزە چەکدارە جەماوەرییەوە لە دەستکەوتەکانی خۆیان لەبواری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگا، بەرابەری ژن و پیاو، بەرابەری کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان لەبەردەم یاسا، جیایی دین لە دەوڵەت و هیتر لە بەرامبەر هێرشی داعش، بەرەی نوسرە، هێرشی بەردەوامی هێزە کۆنەپەرستەکانی سەربە تورکیە و جەنایاتی جەنگی و داگیرکاری دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان لە مەوجوودییەت و دەستکەوتەکانی خۆیان پارێزگارییان کردووە. لەم ڕووەوە، یەکێک لە پێداویستییەکانی تێپەڕینی سەرکەوتووانەی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سووریە لەم قۆناغە چارەنووسسازە، پاراستن و جەماوەری کردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم هێزە چەکدارەیە.

لە بارودۆخێکدا کە حزوور و مانەوەی هێز و پایەگا نیزامییەکانی ئەمریکا بووەتە بەشێک لە واقعیەت و ئارایشی نیزامی ئەم ناوچەیە، ئاستێک لە پەیوەندی و هاوئاهەنگی کردەوەیی لە نێوان هێزەکانی سووریەی دیموکرات لەگەڵ ئەم پایەگا نیزامییانە بە مەبەستی ڕێگری لە تێکهەڵچوونی نەخوازراو پێویستە. بەڵام ئەم بابەتە ناتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا پاساو بکات. هێزەکانی سەربە تورکیە کە لەماوەی زیاتر لە دە ساڵی ڕابردوودا هێرشیان کردووەتە



سەر شار و شاروچکە و گوندەکانی کوردستان و جەنایاتی جەنگییان ئەنجام داوە، هیچ کامیان لە داعش کەمتر کۆنەپەرست و تیرۆریست نین. ئەمریکا لە کاتێکدا کە باسی هاوپەیمانی لەگەڵ کوردەکان لە شەڕ بەرامبەر داعش دەکا، هاوکات دەستی بەکرێگیراوانی داعشی دەوڵەتی تورکیەی لە هێرش کردنە سەر گیان و ماڵی خەڵکی ئەم ناوچەیە ئاواڵە هێشتووەتەوە. ئەمریکا کە بە ئامانجی بانتر لە شەڕ بەرامبەر بە داعش هێزەکانی لەم ناوچەیە جێگیر کردووە، هێزەکانی کوردستانی سووریە وەک ئامرازێک لە شەڕی داعشدا بەکار دێنێ، چونکە نایهەوێ بە هیچ شێوەیەک خوێنی سەربازی ئەمریکایی بڕێژرێ. ئەگەرچی هێزەکانی سووریەی دیموکرات بۆ ئەمریکا ڕۆڵی ئامراز دەبینن، بەڵام لەبەرامبەردا، بەرژەوەند و هاوکاری ستراتێژیکی ئەمریکا و دەوڵەتی تورکیە لە چەندین بواردا پێکەوە گرێدراوە. ئەمریکا پێویستی بە هاوکاری تورکیەیە کە خاڵی پێکگەیشتنی ئورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندە و هاوشێوەی پردێکە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. پایەگای هەوایی ئینجرلیک لە باشووری تورکیە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جێگیرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هێرشە ئاسمانییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم پایەگایە یەکێک لە شوێنە ستراتێژیکەکان بۆ ئەنبارکردنی چەکی ئەتۆمی ناتۆ بەحیساب دێت. تورکیە یەکێک لە سەرەکیترین ڕێگاکانی تێپەڕینی کۆچبەران و پەنابەران بەرەو ئورووپایە. ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانی پەنابەری پێویستی بە تورکیەیە. ئەمریکا حساب بۆ هاوکاری تورکیە دەکات بۆ سنووردارکردنی نفووزی ڕووسیە لە ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش. تورکیە تێپەڕگەیەکی گرنگی گواستنەوەی وزەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئورووپا. ئەمریکا گرنگی بە پاراستنی ئەم هێڵانە و کەمکردنەوەی پێویستی ئورووپا بە وزەی ڕووسیە دەدات. تورکیە خاوەنی دووهەمین ئەرتەشی ناتۆیە و هاوکاری لەگەڵ تورکیە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی هاوپەیمانی نیزامی ڕۆژئاوا زەروورییە. هەر ئەم چەند نموونەیە لە بەرژوەندی هاوبەشی ئەم دوو ئەندامەی ناتۆ، نەتەنیا هۆکاری ڕەزامەندی ئەمریکا لەگەڵ هێرشی هێزەکانی سەربە دەوڵەتی تورکیە بۆسەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریەی دیموکرات دەردەخات، بەڵکوو لەئاست ئەنجامدانی سات و سەودای گەورەتر لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانیش هۆشدار دەدات. وتنی هەر ئەم حەقیقەتە سادانە بە خەڵکی کوردستان و ڕوونکردنەوەی سرووشتی سیاسەتەکانی ئەمریکا وێڕای ئەو ئەزموونانەی کە جەماوەری خەڵک لە جەرگەی خەباتی خۆیاندا بەدەستیان هێناوە، بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سووریە بەهێز دەکات. لەلایەکی دیکەوە

ئەمریکا کارنامەیەکی پڕ لە کوودتا، لەشکرکێشی و داگیرکاری، تاوانی شەڕ و سەرکوتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی لە گۆشە و کەناری جیهان هەیە. حکوومەتی ئەمریکا پایەکی سەرەکی جینۆساید و کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین لە غەززەیە. لەم ڕووەوە هەرجۆرە هاوپەیمانییەک لەگەڵ ئەمریکا، پێکهێنانی ستادی فەرماندەیی هاوبەش لەگەڵی و یان دڵخۆشکردن بە لێدوانی سەرانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل کە لەوپەڕی دووڕوویی و فریوکاریدا باس لە پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان دەکەن، زیانی قورس بە بزووتنەوەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لەبەرچاوی بیروڕای گشتی پێشڕەو و ئینسانە ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبەکان دەگەیەنێ

لەم بارودۆخەدا تەنیا ئەو هێزە دەتوانێ خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەم دەربازگەیە تێپەڕێنێ و بەرژوەندیان نوێنەرایەتی بکات کە باوەڕی بە دەورونەخشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا بە پراتیک سەلماندبێ و هەموو ڕاستییەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و بەرژەوەندە ستراتێژیکەکانی لە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە بۆ خەڵک باس بکات

لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، لە جەرگەی ئەو مەترسییانەی کە لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی تورکیە، هەیئەتی تەحریری شام و ئەمریکا هەڕەشە لە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سووریە دەکات، تەنیا بەشداری چالاکی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و پیاوانی ستەملێکراوی کوردسانی سووریە لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و جێخستنی دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی هەتا ئێستا، چەکدارکردنی گشتی بۆ بەرگری لەم دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ پێکهێنان و قایمکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرتاسەری سووریە دەتوانێ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە بەڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە. وە لە درێژماوەدا تەنیا ئاراستەی دژەسەرمایەدارییە کە ئەم دەستکەوتانە ماندگار دەکات. لەم بارودۆخەدا بەرجەستەکردنەوەی ئەو دەستکەوتانەی کە لەسەر بەرابەری ژن و پیاو لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هەروەها لەسەر مافی ژن لە چوارچێوەی بنەماڵەدا تەئکید دەکەن، جەخت کردنەوە لەسەر بەرابەریی کەمینە نەتەوەیی ئایینی و جنسیەتییەکان لە بەرامبەر یاسا، بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی شار و گوندەکان و تەئکید لەسەر ئازادییە سیاسییەکان و هیتر دەتوانێ یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی پشتیوانی خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەبی سەرتاسەری سووریە لە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان

جەماوەری ستەملێکراوی کوردستانی سووریە پێویستە خەڵکی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبی سووریە و ناوچەکە و سەرتاسەری جیهان بە هاوپەیمانانی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن. لە بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستادا خەڵکی کوردستانی سووریە زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی وڵاتانی ناوچەکە و سەرتاسەری جیهانە. پێویستە لێبڕاوانە لە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانی سووریە لە بەرامبەر ئەو مەترسییانەی هەڕەشەی لێدەکەن، پشتیوانی بکەین.

❊❊❊

# خەبات لەدژی سزای ئێعدام بکەینە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری

## کرێکاران ئاڵای خەبات لەدژی ئێعدام بگرنە دەست

ئەندامانی هەڵمەتی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام“ لە چل و هەشتەمین هەفتە لە چالاکی و مانگرتن لە خواردن، لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لە ڕێکەوتی ٤ی مانگی سەرماوەزی ١٤٠٣، پەیوەست بوونی زیندانی ڕوودسەر لە پارێزگای گیلانیان بەم هەڵمەتە ڕاگەیاند. لەم ڕۆژەدا ئەندامانی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام“ لە ٢٨ زیندان دژبە سزای ئێعدام و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن. لە بەشێک لەم بەیاننامەیەدا هاتووە:

» لە ساڵی ٢٠٢٤دا دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێران هەتا ئێستا لانیکەم ٩٥٣ کەسی ئێعدام کردووە. لەم ژمارەیە ٣٣ کەسیان ژن بوون و ٨ بەندکراوی سیاسیش ئێعدام کراون. هەروەها حکوومەت ٩٦ کەس لە هاووڵاتییانی کورد و ١٠١ کەس لە هاووڵاتییانی بەلووچی لەماوەی ئەم یەک ساڵەدا ئێعدام کردووە. زیندانی قزڵحەساری کەرەج وەک ناوەندی سەرەکی ئێعدامەکان، ئەو قەتڵگایەیە کە لە ساڵی ٢٠٢٤دا ١٥٨ کەسی تێدا ئێعدام کراوە و نزیکەی ١٧%ی




هەموو ئێعدامەکانی ئێران لەوێ جێبەجێ کراون. لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا حکوومەتی ئێعدام، ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی مانگی سەرماوەز بەندکراوێکی سیاسیی کوردی بەناوی „ڕەحیم بەرین“ لە زنیدانی مەهاباد دوای ١٩ ساڵ ئەشکەنجە لە سێدارە دا. هەروەها زیندانییەکی سیاسی دیکەی لە زیندانی ورمێ بەناوی „ڕزگار بەیگ زادە بابامیری“ کە لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١ لە بۆکان دەستبەسەرکرابوو، لەلایەن لقی دەی لێپرسینەوەی دادسەرای ئینقلابی ورمێ بە موحاربە و بەغی تۆمەتبار کراوە و مەترسی دەرکردنی حوکمی ئێعدامی لەسەرە.«

ئەندامانی هەڵمەتی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام“ لە بەشێک لە بەیاننامەکەی خۆیاندا بۆ جارێکی تر تەئکیدیان کردووەتەوە کە «حکوومەت بۆ ڕێگری کردن لە ناڕەزایەتی خەڵک دەست دەداتە سەرکوت و ئێعدام و هەموو ئێعدامەکان لە ئێران ئامانجی سیاسییان لە پشتە. لەم ڕووەوە ئەم کەمپەینە بۆ جارێکی تر داوا لە هەموو ئۆرگان و ناوەندەکانی جەماوەری و مافی مرۆڤ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەکات کە بۆ ڕێگری لە ئێعدامەکان لە ئێران هەنگاوی جیددی هەڵگرن. ڕەمزی سەرکەوتن و ڕاگرتنی ماشێنی ئێعدام هاوپشتی و یەکگرتوویی گشتییە. ئێمە دەتوانین و ئەرکی سەر سەرشانمانە بەرەنگاری سزای ئێعدام بینەوە و ئەم قەتڵە سیستماتیکە ڕاگرین.«

هەروەک لە بەیاننامەی ئەم کەمپەینەدا هاتووە حکوومەتی ئیسلامی بۆ ڕێگری کردن لە ناڕەزایەتیی جەماوەری، سەرکوت و ئێعدام بەڕێوەدەبات. لەڕاستیدا ئێعدامی بەندکراوان، دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەپێدانی کەشوهەوای سەرکوت بۆ پێکهێنانی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا بەئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاخێزە ئیحتمالییەکان، بەردەوام بەشێک لە مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی بووە. بەڵام ئەمجارە لە بارودۆخێکدا کە درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران، پەرستاران، ناڕەزایەتیی لێبڕاوانە و سەرتاسەری خانەشینان و ناڕەزایەتی خوێندکاران بووەتە بەشێک لە واقعییەتی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمەڵگای ئێران، وە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ نموونە خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی بوێرانەی ژنانی ئازادیخوازی ئێران بەرانبەر یاسا و سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە، ئێعدام و پەرەپێدانی سەرکووت بووەتە میحوەری ستراتێژی مانەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی.

لە کاتێکدا کە قەیرانی قووڵی ئابووری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خستووەتە تەنگانە؛ قەیرانی کەمبوونی بەرق و سووتەمەنی جگە لە پەرەپێدانی کێشە و گرفتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، زۆرێک لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانیشی لەکار خستووە؛ ستراتێژی „شەڕی پێشگرانە“ی ڕژیم گەیشتووەتە بنبەست و هێزەکانی „میحوەری موقاوەمەت“ەکەی تێکشکاوە؛ دەزگای ئیدئۆلۆژیکی شکستخواردووی ناتوانێ مەشرووعییەت ببەخشێ بەو هەمووە هەزینەیەی کە بۆ هێزەکانی „میحوەری موقاوەمەت“ی تەرخان کردووە و بەو هەمووە هەژاری و فەلاکەت و بێ مافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە؛ هەژمۆنی و دەسەڵاتی سپای پاسداران لەبەرچاوی بیروڕای گشتی داڕماوە و ئەمەش ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان باندەکانی حکوومەتی زیاتر پەرەپێداوە؛ لەم ڕووەوە خەبات لەدژی سزای ئێعدام و تێکشکاندنی کەشوهەوای سەرکوت بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان گرینگییەکی ستراتێژیکی هەیە. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ئێران گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هەموو ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاخێزێکی جەماوەری، سەرانی ڕژیم لەوپەڕی داماویدا بە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوت بەتەمان کۆمەڵگا بەرەو دواوە بگێڕنەوە.

لە بارودۆخێکدا کە ڕاگەیاندن و پەرەپێدانی سەرکوت بووەتە ڕەمزی مانەوەی کۆماری ئیسلامی و لە کاتکێدا کە هەڵمەتی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام“ پێی ناوەتە چل و هەشتەمین هەفتەوە و زیندانییان لە ٢٨ زیندانەوە هەموو هەفتەیەک سێشەممانە لە ناڕەزایەتی دژبەم سزا دژەئینسانییە لە خواردن مان دەگرن، سەرتاسەری کردنەوەی بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام زیاتر لە هەموو کاتێک بووەتە زەروورەتێکی سیاسی. هەروەک هەڵمەتی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام“ لە بەیاننامەکەیاندا پێداگرییان لەسەر کردووە „ڕەمزی سەرکەوتن و ڕاگرتنی ماشێنی ئێعدام، هاوپشتی و یەکگرتوویی گشتییە“. پێویستە بۆ سەرتاسەری کردنەوەی بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام لێبڕاوانە تێبکۆشین. بە سەرەنجدان بە پێگەی چینی کرێکار لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و بەلەبەرچاوگرتنی دەورونەخشێک کە چینی کرێکار بە مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێ لە زەمینگیر کردنی ماشێنی سەرکوتدا هەیبێ، پێویستە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری زەروورەتی بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی هەرچی زیاتر لەناو کرێکاراندا پەرەپێبدەن. هەتا ئێستا ڕێکخراو و دامەزراوە کرێکارییەکان و چالاکانی بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاران و مامۆستایان و نووسەرانی تێکۆشەر ڕۆڵێکی کاریگەر و پڕبایەخیان بینیوە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە پێویستی بەرەنگاربوونەوەی سزای لەسێدارەدان. پێویستە ئەم هەوڵانە شێلگیرانەتر و لەئاستێکی بەرینتردا درێژەیان بێت. سزای ئێعدام کوشتنی ئەنقەستی دەوڵەتییە، پێویستە لە بەرامبەر شەپۆلی ئێعدامەکاندا لە مافی ژیانی ئینسان لێبڕاوانە بەرگری بکەین. پێویستە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی سزای ئێعدام یەکپارچە و یەکگرتوو بێینە مەیدان. پێویستە ماشێنی ئێعدام و سەرکوتی دەسەڵاتی ئیسلامیی سەرمایەداران ڕابگرین.

❊❊❊

# ژنانی ئازادیخوازی ئێران شکستیان بە یاسای حیجاب و عیفاف هێنا

یاسای کۆنەپەرستانە و دژەژنی "حیجاب و عیفاف" کە زیاتر لە دوو ساڵ لە نێوان دەوڵەت، مەجلیس، دەزگای قەزایی و شۆرای نیگەهباندا لە هاتوچۆدا بوو سەرەڕای پەسەندکرانی لە مەجلیس و شۆرای نیگەهبان، بەهۆی خۆڕاگری و خەباتی گیانفیدایانەی ژنانی ئازادیخواز و خستنە ژێر پێی ناوەرۆکی ئەم یاسایە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، و بەهۆی شەپۆلی دژایەتی لێبڕاوانەی ڕێکخراو و ناوەندەکانی کرێکاران، خوێندکاران، نووسەران و زۆرێک لە ناوەند و ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕاگیرا. وردەکاریی ئەم یاسایە لەژێرناوی "یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە لەڕێگەی پەرەپێدانی فەرهەنگی حیجاب و عیفاف" ڕۆژی ١٠ی سەرماوەز دوای تەئیدی شۆرای نیگەهبان بڵاوکرایەوە. پاسدار قالیباف سەرۆکی مەجلیسی ئیسلامی کە پێشتر وتبووی واژۆ نەکردنی سەرۆک کۆماریش



لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە کاریگەری نابێت، قەرار بوو ڕۆژی ٢٣ی مانگی سەرماوەز بۆ دەوڵەتی پزیشکیانی بنێرێ بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت. بەڵام ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی سەرماوەز شەهرام دەبیری جێگری پزیشکیان بۆ کاروباری مەجلیس ڕایگەیاند: "پێشنیار کراوە ئەم یاسایە لە کۆبوونەوەی سەرانی سێ دەزگا یان شۆرای باڵای ئەمنیەتی میللیدا تاوتوێ بکرێت و ڕابگیرێت. ئاماژەی بەوەشکرد کە بارودۆخی ئێستای وڵات بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە گونجاو نییە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی دواتر دوو نوێنەری مەجلیس ئاشکرایان کرد کە "لەسەر بڕیاری شۆرای باڵای ئەمنیەت، جێبەجێ کردنی یاسای حیجاب و عیفاف وەدوا خراوە". دواخران یان لەڕاستیدا وەلانانی ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیە بووەتە هۆی ناڕەزایەتی زۆرێک لە ئاخوند و گرووپ و ڕەوتە ئوسوولگەراکان. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژنامەی کەیهانی سەربە خامنەیی ڕۆژی ٢٨ی سەرماوەز لە یادداشتێکدا بەتوندی لەئاست ئەم بڕیارە ناڕەزایەتی دەربڕی

سەرەڕای فتوای دژەژنی خامنەیی کە وتبووی: "لە مەسەلەی جلوبەرگدا، حیجاب، شەرعی و یاساییە و لابردنی حیجاب هەم حەرامی شەرعی و هەم حەرامی سیاسییە"، وە سەرەڕای فەرمانی ئێژەیی جەلاد کە وتبووی "یاسا دەبێ جێبەجێ بکرێت، یاسا بۆ جێبەجێ کردن پەسندکراوە و هیچ دەزگایەک بۆی نییە سەرپێچی بکات"، بەڵام هەتا ئێستا نە مەجلیس وێراویەتی ئەم یاسا پەسندکراوە بەمەبەستی جێبەجێ کردن بۆ دەوڵەت بنێرێت و نە دەوڵەتی پزیشکیانیش لە ترسی ناڕەزایەتی گشتی حازر بووە بەڕێوەی بەرێت. لەم ڕووەوە،



کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئیرادە و خەباتی لێبڕاوانەی بزووتنەوەی ژنان بۆ ئازادی شکستی خواردووە و ژنان بە خەباتی بێ پسانەوەی خۆیان و بە بەهایەکی زۆر کە لەپێناو ئازادی و رزگاری لە حیجابی ئیجباری داویانە، سەرکەوتوون.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەرمایە، لەماوەی چوار دەیەی رابردوودا بە فریوکاری و بەکارهێنانی توندوتیژی، زیندان، ئەشکەنجە، دەستدرێژی و کوشتار هەوڵی داوە حیجاب ئەم هێمایەی دواکەوتوویی و سووکایەتی کردن بە ژنان، بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. بەڵام ژنانی تێکۆشەر هەموو ئەم بەها قورسانەیان داوە و حازر نەبوون لە بەرامبەر سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزی حکوومەتی ئیسلامیدا تەسلیم و بێدەنگ بن. رژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا جەنایاتی بێشوماری ئەنجام داوە بەڵام لە بەرامبەردا ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز مێژوویەکی سەربەرزانە و پڕ لە شانازییان خوڵقاندووە.

ویدا موەحەد و هەموو ئەو ژنە خەباتکارانەی دیکە کە لە حەرەکەتی سەمبولیکدا حیجابی ئیجبارییان بردە ژێر پرسیارەوە و بزووتنەوەی ناسراو بە "کچانی شەقامی ئینقلاب"یان خستە ڕێ و بەهۆیەوە کەوتنە زیندان، ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری جنسی دران، بەڵام تەسلیم نەبوون؛ قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی و نیکا شاکەرەمییەکان کە بوونە رەمزی پێشەنگایەتی ژنانی ئازادیخواز لە بزووتنەوەی سەرتاسەری "ژن، ژیان، ئازادی" و پایەکانی ئیدئولۆژی کۆماری ئیسلامییان خستە لەرزە؛ حەرەکەتی ئیعترازی ئاهوو دەریایی ناسراو بە "کچی زانکۆی علووم" کە لە نارەزایەتی دژبە توندوتیژیی هێزە سەرکوتگەرەکان قەڵبی حکوومەتی کردە نیشانە و داهێنانی پەرەستوو ئەحمەدی کە لە جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٢دا بۆ رێزگرتن لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەرهەمێکی بەناوی "هەوای ئازاد" بڵاوکردەوە و لە رۆژی ٢١ی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵیشدا بە بڵاوکردنەوەی چەند ئاواز لە کاروانسەرایەک بە جلوبەرگی ئازادانەوە سەرانی کۆماری ئیسلامی سەرسام و تووڕە کرد، هەر کامەیان بزمارێکیان لە تابووتی پرتووکاوی حکوومەتی ئیسلامی و یاسا دژەژنەکانی دا

پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیە لە کاتێکدایە کە رژێم دوای شکستی سەرشۆڕانەی "ستراتیژی شەڕی پێشگرانە" و لێکهەڵوەشانی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەتەکەی"، پێگەی لەئاستی ناوچەکەدا یەکجار لاواز بووە. ئەم پێگەیەی رژێم بووەتە هۆی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانیشدا بەخاتری پرۆژەی ئەتۆمی لەلایەن شورای حۆکامی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمییەوە مەحکووم بکرێت و ترسی ئەوەی هەیە کە پەروەندەکەی بۆ شورای ئەمنیەت بنێردرێ و بە چالاک کردنی مێکانیسمی ماشە، هەموو سزا هەڵوەشاوەکانی بەسەردا بسەپێتەوە. بەڵام مەترسیی راستەقینە و جیددیتر بۆ کۆماری ئیسلامی درێژە و گەشەکردنی رۆژانەی مانگرتنی کرێکاری و نارەزایەتیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە.

حاکمانی کۆماری ئیسلامی دەزانن لە باروودۆخێکدا کە بەهۆی قەیرانی بەرینی ئابووری دۆلار چووەتە سەرووی ٧٥ هەزار تمەن، ئاستی پیسبوونی هەوا گیانی ئینسانەکانی خستووەتە مەترسییەوە، رژیم تەنانەت ناتوانێ بەرق، سووتەمەنی و ئاویش بۆ خەڵک دابین بکات، لە باروودۆخێکدا کە تەوەرۆم و گرانی سفرەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی بەتاڵ کردووە، ناتوانن یاسا دژەئینسانییەکانیان بەرێوەبەرن. سەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامی یەکجار لەوە دەترسن کە مەبادا بەرێوەبردنی یاسای حیجاب و عیفاف وەک چەخماخەیەک باڕووتی تووڕەیی و نارەزایەتیی قووڵی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بتەقێنێتەوە

ئێستا لە کاتێکدا کە تەنانەت بەرپرسانی رژێم دان بەوەدا دەنێن کە ژمارەی ئەو ژنانەی لە شارەکانی ئێران جلوبەرگی ئازادانە لەبەر دەکەن زۆر لە ژنانی بەحیجاب زیاترە، کاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسای حیجابی ئیجباری لەسەر شەقامەکانە. پێویستە چالاکانی بزووتنەوەی رزگاری ژن بەتایبەت ژنانی لاو و تێکۆشەر هاوڕێ لەگەڵ چالاکانی سۆسیالیست و پێشڕەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بە درێژە و پەرەپێدانی خەباتی خۆیان، بە خستنە ژێر پێی یاسا دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەم دەسەڵاتە زیاتر بەرەو هەڵدێر پاڵ پێوەنێن. پێویستە پاشەکشەی رژیمی ئیسلامی لە یاسای حیجاب و عیفاف بکرێتە سەنگەرێک بۆ هێرش کردنە سەر گشت نیزامی ئیسلامی. پێویستە هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری لە ئاڵای خەباتی مافخوازانەی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بدرێت

❊❊❊

# مانگرتن و نارەزایەتیی بازاڕییان لە تاران؛
# ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی تێکەوەدەپێچن

لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی خێرای چوونەسەری بەهای دۆلار لەلایەکەوە و مەحدوودییەتی سەعاتی کار و داخرانی بەردەوامی کارگا و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و دووکانەکان بەهۆکاری قەیرانی سووتەمەنی و کەمبوونی بەرق و ئاو لەلایەکی دیکەوە، بازاڕی شارەکانی لە ئێران بەتایبەت لە شارە گەورەکان، لەگەڵ رکوودی زیاتر و هاتنەخواری بەرچاوی ئاستی موعامەلات و کڕین و فرۆشتن بەرەوڕوو کردووەتەوە. هەڵبەت ئاکامی شکستی یەک لە دوای یەکی سیاسەتی دەستتێوەردان و شەڕخوازی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و کۆنترۆڵکردنی زیاتری بواری هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و گاز لەلایەن ئەمریکا لەماوەی چەند مانگی رابردووش لەسەر بەرینیی قەیرانی ئابووری و باروودۆخی دارایی حکوومەتی ئیسلامی کاریگەری داناوە

هەروەها، فەزای رەوانی ئەگەری پەرەسەندنی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل و رژیمی ئیسلامی وەک ناوەندی بەناو "میحوەری موقاوەمەت"ی رەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکان، بەتایبەت لە سەروبەندی هاتنە سەر کاری دووبارەی ترامپ و ئەگەری داسەپاندنی سیاسەتی ئەوپەڕی فشار، بووەتە هۆکارێکی دیکە بۆ ناسەقامگیری و چوونەسەری نرخی دۆلار لە ئێران. تا جێیەک کە رۆژی شەممە ٨ی مانگی بەفرانبار نرخی هەر دۆلارێک لە ئێران سنووری ٨٢ هەزار تمەنی تێپەڕاند.



هێندێک لە کارناسانی بواری بازاڕ پێشبینیی ئەوە دەکەن کە لە درێژەی ئەم رەوتەدا نرخی دۆلار لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگاتە ١٠٠ هەزار تمەن. لەگەڵ چوونەسەری بەهای دۆلار، نرخی خۆراک و باقی کاڵا پێویستەکانی خەڵک دەچێتە سەرێ و توانای کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە حەقدەستیان بە تمەن دەدرێ، زیاتر دێتە خوارێ و ژیان و گوزەرانیان دەکەوێتە مەترسی جیددییەوە

لەگەڵ ئەوەشدا، ناسەقامگیری نرخی دۆلار بووەتە هۆی دابەزینی خێرای کڕین و فرۆشتن و هاتنەخواری ئاستی موعامەلات لە بازاڕدا. لە نارەزایەتی دژبەم باروودۆخە رۆژی یەکشەممە ٩ی مانگی بەفرانبار بەشێک لە بازاڕی تاران لەوانە بازاڕی کەفاشان و پارچەفرۆشان، بازاڕی عەباس ئاباد، چەهارسووی کووچەک و دووکاندارانی کیف و کەوشی باغی سپا سالار، دووکانەکانیان داخست و دەستیان دایە مانگرتن و ئیعتراز. ئەوان بە وتنەوەی درووشمی وەک "مەترسن دابیخەن"، "بازاڕی بەغیرەت حمایەت حمایەت" باقی دووکاندارەکانیان بۆ پەیوەست بوون بەم مانگرتنە بانگەشە دەکرد. دووکاندارەکان لەئاست کێشە و بەربەستی یەکجار زۆر لە بواری کەسب و کاریاندا نارازین. بۆ نموونە گرانی مەوادی

ئەوەڵییە بەهۆی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار، ڕکوودی بەرینی بازاڕ بەهۆکاری گرانی، نەبوونی نەختینە لە بازاڕ کە بووەتە هۆی لەناوچوونی سەرمایە و ناڕوون بوونی قیمەتی بەرهەمهێنان و مەوادی ئەوەڵییە بەهۆکاری چوونەسەری بەردەوامی بەهای دۆلار.

لەگەڵ درێژەی ئەم بارودۆخە مانگرتن لە بازاڕدا کە پێشتر پایەگای سوننەتی حکومەت بوو، زیاتر پەرە دەستێنێت و



ڕژیم زیاتر دەخاتە فشارەوە. لەم پەیوەندییەدا سەرۆکی ژووری ئەسنافی تاران دانی بەوە دانا کە: "کڕینی کاڵایەک کە مەوادی ئەوەڵییەکەی بە دۆلاری ٨١ هەزار تمەن بەرهەم دێت، خەڵک توانای کڕینی نییە. ئەمە کێشەی زۆرێک لە کالا پێویستەکانی خەڵکە و جێی نیگەرانییە". ئیبراهیم عەزیزی سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی ڕژیمیش نیگەران لە سەرهەڵدانی ئاخێزی جەماوەری بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری وتی: "ئەگەر کێشەکانی توێژی کرێکار بڕیاری دروستیان لەسەر نەدرێت، نیگەرانی جیددی دروست دەکات"

نیگەرانی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی لەئاست پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا، بێهۆ نییە. بەتایبەت لە بارودۆخی قەیرانی چارەهەڵنەگری ڕژیم و لەکاتێکدا کە سیاسەتی ناوچەیی حکوومەتی ئیسلامی بەرەوڕووی شکست بووەتەوە و لەئاستی جیهانیشدا ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی سیاسەتی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتەکانی دیکەی ڕۆژئاوا زیاتر بخرێتە ژێر فشارەوە. لە وەهاهەلومەرجێکدا کۆماری ئیسلامی بەرگەی مانگرتن و ناڕەزایەتی گشتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ناگرێت و دەڕووخێت. ڕووخانی چاوەڕواننەکراو و خێرای ڕژیمی بەشار ئەسەد لە سێناریۆیەکی ئەمریکا و تورکیە و ئیسرائیلدا، خامنەیی و باقی ڕێبەرانی باڵای سپای پاسدارانی یەکجار نیگەرانی چارەنووس و داهاتووی دەسەڵاتەکەیان کردووە

هاتنەخواری بەردەوامی بەهای تمەن و قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی بازاڕییان لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە بەرەوڕووی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگایە. ڕۆژی یەکشەممە ٩ی مانگی بەفرانبار مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرێکاران و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی یەکشەممەکانی خانەنشینان لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران بەردەوام بوو. بۆ نموونە ناڕەزایەتی چەندین ناوەندی پێترۆشیمی ماهشەهر، کۆبوونەوەی کرێکارانی شیرکەتی بەرهەمهێنانی ڕۆنی فریکۆ لە سیرجان، وە ناڕەزایەتی کرێکاران لە حەوت تەپە بە دروشمی "کرێکاری حەوت تەپە، یەکگرتن یەکگرتن" بەڕێوەچوو. هەروەها کۆمەڵێک لە خانەنشینانی سەنعەتی فوولاد لە ئیسفەهان، ئەلبورزی مەرکەزی و مازەندەران خوازیاری ئیسلاحی هەمسانسازی و دابینکردنی سەرچاوەی ماڵی و پێدانی حقووقی دواخراو و دەرمانی بەخۆڕایی بوون. هەر لەم ڕۆژەدا ژمارەیەکی دیکە لە کرێکارانی خانەنشینی تەئمینی ئیجتماعی ئەهواز، شووش، حەوت تەپە و کەرخە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەرپا کرد. شورای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی موعەلیمانیش لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە لە درێژەی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی یەکشەممەکاندا، خانەنیشنان لە سەرتاسەری ئێران بە وتنەوەی دروشمەکانی وەک "تەنیا لەسەر شەقام وەدی دێ مافمان"، "ڕووسەری ڕەها کە، تەوەرۆم مەهار کە"، "شەڕخوازی بەسە سفرەمان بەتاڵە"، "بەسە بێعەداڵەتی" هاتنە سەر شەقامەکان.

مانگرتنی ڕۆژانە و ڕوو لە گەشەی کرێکاران هاوکات لەگەڵ مانگرتنی لێبڕاوانەی خانەنشینان، پەرستاران، خوێندکاران، ژنانی خەباتکار، موعەلیمان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا ئەو ڕەوتە هیوابەخشەیە کە ڕژیمی گەندەڵ و بێکەفایەت و دزی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چارەنووسی حەتمی ڕووخانی شۆڕشگێڕانە بەرەوڕوو دەکاتەوە. ڕژیمێک کە توانای وەڵامدانەوەی بە داخوازییە سەرەتاییەکانی خەڵک نییە و مانەوەی خۆی تەنیا لە سەرکوتدا دەبینێت. ئەزموونی هەتا ئێستای حکوومەتی ئیسلامی نیشانی داوە کە سەرکوت ناتوانێ لە بەرامبەر مانگرتن و ناڕەزایەتی یەکگرتووانە و سەرتاسەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا، مانەوەی دەسەڵات زەمانەت بکات.

لەکاتێکدا کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی وەک پیسبوونی هەوا، کەمبوونی بەرق و کۆنترۆڵی نرخی دراوە بیانییەکان بێتوانا و داماون، وە هەمووی ئەم قەیران و گرفتانە بە "عەمەلیاتی ڕەوانیی دوژمن" ناو دەبەن، یەکێک لە کارناسانی نیزامی ڕژیم وێڕای ئاماژەدان بە هەواڵی چوونەسەری نرخی سووتەمەنی لە ئێران وتی: "چوونەسەری نرخی بێنزین و بەشوێنیدا چوونەسەری نرخی هەمموو کالاکانی دیکە بۆ نموونە دەرمان، هاتوچۆ، کرێی ماڵ و یاسای حیجاب و عیفاف و هەزاران کێشە و گرفتی دیکە کە بەرۆکی خەڵکیان گرتووە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێکەوەدەپێچن

***

## کۆمۆنیستەکان و مەزهەب

ئامانجی ئێمە کۆمۆنیستەکان لە ڕۆشنگەری و تەبلیغ دژبە مەزهەب، سڕینەوەی وەهم و باوەڕی مەزهەبی جەماوەری خەڵک و باوکردن و پەرەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی لەناو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا دایە. گەشەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی لەناو کرێکاران و بەشی هەرچی بەرینتری جەماوەری خەڵک، .ئەرکی هەمیشەیی ئێمە کۆمۆنیستەکانە


مەزهەب لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆدا، لە هەمان حاڵدا کە




باوەڕی جەماوەرێکی بەرین لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش پێک دێنێت، ئامرازێکە لەدەست بورژوازی و دەوڵەتەکەیدا بۆ بەرەودوابردنی خەڵک و درێژەی دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری.

مەزهەب بە درێژایی مێژوو ڕنگدانەوەی بێ هیوایی و بێ توانایی جەماوەری خەڵک بووە لەدەست و پەنجە نەرم کردنیان لەگەڵ کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێی ژیانیان. ئینسانێک کە دیلی موناسباتی نیزامی سەرمایەدارییە و بە تەنیایی ناتوانێ بارودۆخی ژیانی خۆی بگۆڕێ و لە بەرانبەر ڕەنج و ئازارێکدا کە خۆی و بنەماڵەکەی گیرۆدەین، هیچی لەدەست نایەت، کاتێک کە خۆی لاواز و داماو دەبینێ بە ناچاری ڕوو دەکاتە ئاسمان، بەو هیوایەی کە هێزێکی بەتواناتر لەخۆی دەرکەوێت و ڕزگاری بکات. کاتێک لە دنیای ڕاستەقینەدا هیچ هیوایەک بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نامێنێتەوە، ئاوات دەخوازێ بۆ گەیشتن بە هیوا و ئومێدەکانی دوای مردن سەرلەنوێ زیندوبیتەوە، و بە ئاواتی گەیشتن بە ڕێفاە و خۆشبەختی لە دنیای خەیاڵی دوای مردندا، ڕەنج و ئازارەکانی .دنیای ڕاستەقینە تەحەمول دەکات

ڕزگاریی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە چنگ ئەم وەهم و خورافەیە بە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی زانستیی بابەتەکانی جیهان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دێتەدێ، بەڵام ئەم ڕزگارییە لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا کاتێک مەیسەر دەبێت کە بارووودۆخی ژیانی مرۆڤ بگۆڕدرێت و ئەو هێزە سرووشتی و کۆمەڵایەتییانەی کە مرۆڤ لە ترسانیان پەنا بۆ وەهم و خورافە و مەزهەب دەبات، بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی چینی کرێکار و بیری مرۆڤی پێشکەوتووخوازەوە. بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و لەناوچوونی نیزامی سەرمایەداری، ڕێگای ڕزگاری لە زیندانێک کە توانای ئاڵوگۆڕبەخشی ئینسان تێیدا بە بەند کێشراوە ئامادە دەبێت. کەوابوو ئەرکی ئێمە دابین کردنی پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە. بێگومان ڕوون کردنەوەی زانستیی بابەتەکانی جیهانی ئەمڕۆ لەناو کرێکاران و سڕینەوەی پاشماوەکانی بیری مەزهەبی لەناو بیر و مێشکیاندا و نیشاندانی ئەم واقعییەتە کە مەزهەب زنجیری دیلیەتییەکی دیکەیە بە دەست و پێی کرێکارانەوە، بەشێک لە هەوڵ بۆ دابین کردنی .پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکارییە




هەربۆیە دانە بەر ڕەخنە و ڕوونکردنەوەی مەزهەب و دین وەک ئیدێئۆلۆژیی ئیدێئالیستی سەرچاوەگرتوو لە جەهل و خورافە، بەدەر لەوەیکە دەورونەخش و کاریگەریی سیاسی ئەم ئیدێئۆلۆژییە لەسەر ئەم یان ئەو قۆناغی خەباتی چینایەتی تا چ ڕادەیەک بێت، بەشێک لە خەباتی ئێمەیە بۆ پەرەپێدانی سۆسیالیسمی زانستی. لەبەر ئەوەیکە دین تێگەیشتنی بەراوەژووی جیهانە و ڕەخنەگرتن لێی، لەخۆنامۆبوونی دینی ئاشکرا دەکات و نیشانی دەدات کە ئینسان خولقێنەری دینە نەک دین خولقێنەری ئینسان. کەوابوو هیچ مەسڵەحەتێکی سیاسی یان تاکیتیکی ناتوانێ و نابێ ببێتە هۆی خۆبەدوور گرتن لە ئەنجامدان و بەداهاتوو سپاردنی ئەم ئەرکە. بەڵام سەرەڕای ئەم ئامانجە گشتییە، کە زەروورەتی بەرەنگاربوونەوەی هەمیشەیی لەگەڵ هەر بیروباوەڕێکی دینی دەخولقێنێت، هەڵسووکەوتی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ مەزهەب ئامانجی سیاسییەکی دیاریکراویشی لە پێوەند لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکار و ئامانجە سیاسییەکەی لە خەباتی چینایەتیدا لەپشتە. ئەو ئامانجە کە نیشانەی خەسڵەتی سیاسیی ڕەخنەی سۆسیالیستیی مەزهەب و لەم ڕوانگەوە نیشانەی جیاوازیی ئێمەیە لەگەڵ ئاتێئیسمی بورژوازی، بریتییە لە: "لاواز و ناکاریگەر کردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەزهەب وەک ئامرازی فریو و بەرەودواوە بردن و سەرچاوەی ناکۆکی نانەوە لەناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش".

بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی سیاسییەوە، کۆمۆنیستەکان هێزی بابەتی و کۆمەڵایەتی مەزهەب، واتە ئەو ئۆرگانە تەبلیغاتییە کاریگەرەی کە بە هەموو کەرەستە و توانای کۆنەپەرستانەیەوە لە پەنا ئۆرگانەکانی سەرکوت خزمەت بە بورژوازی دەکات، بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەکەنە ئامانج. تەبلیغاتی ئێمە لە دەوری خواستی دیاریکراوی "جیایی دین لە دەوڵەت" پێویستە بتوانێ ئامرازی سوننەتیی دووبەرەکی و خۆشباوەڕی نانەوە لەناو جەماوەر لە دەستی سەرمایەداران و دەسەڵاتەکەیان بێنێتە دەر و لەم بوارەدا بێ چەکیان بکات.

هەر لەم پێوەندەدا، جیایی دین لە دەوڵەت و خسووسی کردنی مەزهەب بۆ تاکەکان یەکێک لەو دووشم و داخوازییانەیە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خەباتی بۆ دەکات، بەڵام بێجگەلە ئێمە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیش بەدەر لەوەیکە لە داهاتوودا چەندە بەم بابەتە پێبەند دەمێننەوە، ئەم دروشمەیان بەرز کردووەتەوە. هەربۆیە لە تەبلیغ دژبە مەزهەب، ئەوەیکە هەڵوێستی ئێمە لە هەڵوێستی ڕەوتە بورژواییەکان جیا دەکاتەوە تەبلیغی جیایی دین لە دەوڵەت نییە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا درێژەی کاری ڕۆشنگەرانە دژبە جەهل و خورافەی مەزهەب و ئاشکرا کردنی ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەزهەبە لە خزمەت کردنی بە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری و پشت بەستن بە دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازە.

هەروەک ئاماژەمان پێدا کۆمۆنیستەکان بەردەوام خوازیاری "جیایی مەزهەب لە دەوڵەت" بوون. ئامانجی ئێمە لە گەڵاڵەکردنی ئەم خواستە، کە مانای دیاریکراوی لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتدارییەتیی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، بە وردی شی کراوەتەوە، بریتییە لەوەیکە نفووز و سوڵتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەزهەب هەرچی زیاتر پووچەڵ بکەینەوە و دەخاڵەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک هەرچی زیاتر سنووردار بکەینەوە و بەستێن و بارووودۆخێکی لەبار و گونجاوتر بۆ خەباتی ئیدێئۆلۆژیک دژبە جیهانبینیی مەزهەبی دابین بکەین.
بەڵام هێندێک لە چەپەکان کە بەردەوام نیگەرانی ڕەنجاندنی جەماوەرن، جاروبارە ئەم درووشمەی کۆمۆنیستەکان لە مانا و ناوەرۆک دەخەن و بەکردەوە دەیکەنە ئامرازێک بۆ پاساوکردنی بیروباوەڕی خۆیان دەربارەی ڕۆڵ و ماهییەتی مەزهەب. ئەوان خواستی جیایی مەزهەب لە دەوڵەت بەشێوەی درووشمێکی بەرگرانە و مەسڵەحەت خوازانە کە گۆیا بە ئامانجی ڕاگەیاندنی پشتیوانی کۆمۆنیستەکان لە مەزهەبی خسووسی و ڕەزایەت دان بە بیروباوەڕی مەزهەبیی کەسەکان و یان ڕاگەیاندنی بێ لایەنبوون سەبارەت بەم بیروباوەڕانەیە، بەکاری دێنن و لەناو جەماوەردا تەبلیغی بۆ دەکەن. تێئۆریسییەنەکانی کۆمۆنیست زۆر جار بەرامبەر بە وەها ڕوانگەیەک ڕایانگەیاندووە کە کۆمۆنیستەکان مەزهەب نەک لەپێوەند لەگەڵ خۆیان و حیزبی کۆمۆنیست، بەڵکوو نیسبەت بە دەوڵەت، بە بابەتێکی خسووسی دەزانن. ئەوان بە ڕوونی شییان کردووەتەوە کە تا ئەو جێگایەی کە بۆ پرۆلتاریا و حیزبەکەی دەگەڕێتەوە، کۆمۆنیستەکان ناتوانن و نابێ بە بەنیسبەت مەزهەب وەک بابەتێکی خسووسی ڕەزایەت بدەن یان تەنانەت لەم بارەوە بێ لایەن بن. ئەم هەڵوێستگیرییە واقعییە لەپێوەند لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێران کە پتر لە چل ساڵە دەسەڵاتێکی هاری مەزهەبی یەکێک لە پێگەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە پێکهێناوە، سەد هێندە درووستە.
"جیایی دین لە دەوڵەت" دروشمێکە کە وێڕای نیشاندانی دژایەتیمان لەگەڵ مەزهەب وەک بابەتێکی دەوڵەتی، بەڵێنداریشمان سەبارەت بە ئەسڵی ئازادی بێ شەرت و مەرج دەردەبڕێت. واتە جەخت لەسەر ئەم بنەمایە دەکاتەوە کە چینی کرێکار چ وەک ئۆپۆزیسیۆن و چ دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، حەتمەن لەگەڵ پەیڕەو کردنی ئیجبار و زۆر و پشکنینی بیروباوەڕ و پێکهێنانی هەڵاواردن و بەربەستی یاسایی لە دژی کەسانی مەزهەبی دژایەتی دەکات و بۆ ڕەخنە و وەلانانی باوەڕ و بۆچوونی مەزهەبی لە کۆمەڵگادا، هیچ ڕێوشوێنێک بێجگە لە خەباتی نەزەری، ڕۆشنگەری و ئاموزش و قەناعەت پێهێنان بە ڕەوا نازانێ. ئێمە مەزهەب، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە سەربەخۆ لە دەوڵەت بێت یان نەبێت، بە ئەفیوونی جەماوەر و ئامرازی دواکەوتوویی ئەوان دەزانین و ئەگەر خوازیاری جیایی مەزهەب لە دەوڵەتین ڕێک بەو هۆکارەیە کە دەمانهەوێ گشت شێوازێکی ڕەسمی و یاسایی پەرەپێدانی ئەم ئەفیوونە لەناو کۆمەڵگادا بە یەکجاری هەڵوەشێنینەوە.
لە کۆتاییدا تەئکید دەکەینەوە کە ئێمە کۆمۆنیستەکان لە خەبات لەگەڵ مەزهەبدا قەت بێ ڕێزی بە بیر و باوەڕی خەڵک ناکەین، کاری ئێمە ڕۆشنگەری و شیکردنەوەی بە حەوسەلەی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەی بە بەڵگەی جیهانبینی کۆمۆنیستی لە بەرانبەر دیاردەی مەزهەب دایە. چالاکی و خەباتی ئێمە دژبە مەزهەب نەتەنیا نابێ ڕیزی هاوپشتی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداران لاواز بکات بەڵکوو ئەم ڕیزە چینایەتییە پێویستە بەهێز بکات.

❊❊❊

## مانگرتن فێرگەی خەباتی چینایەتیی کرێکاران دژی سەرمایەداران

**مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری بە شێوەی ڕاگرتنی کار و ڕاگرتنی چەرخی بەرهەمهێنان و کۆبوونەوە لە ناوەندەکانی کار یان لەبەردەم دامودەزگا حکومییەکان ڕۆژانە لە سەرتاسەری ئێراندا بەردەوامە. ڕۆژانە شایەدی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکانین. ئەگەرچی مانگرتن و بەڕێوبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی حەرەکەتێکی پێچەوانەی یاسایە، بەڵام کرێکارانی ئێران ساڵەهایە مانگرتن و ناڕەزایەتی نایاسایی خۆیان کردووەتە واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگری بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمەڵگای ئێران. لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا، بەردەوام یاسای کار نووسراوەتەوە و تەبسەرە و تێبینیی جۆراوجۆری پێ زیاد کراوە و یان لێی کەم کراوەتەوە. بەڵام لە هیچکام لەم پێشنووس و پەسندکراوانەدا، تەنانەت یەك جاریش وشەی "مانگرتن" بەکار نەبردراوە. دەڵێی وەها حەرەکەتێك لە کۆمەڵگای ئێراندا، بوونی نییە. بەڵام سەرەڕای حاشالێکردن و پەردەپۆشی ڕژیم، مانگرتنی کرێکاری، بەردەوام کابوسی دەزگاکانی سەرکوتی ڕاستەوخۆ، لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپا، فەرماندار و ئۆستاندارەکانەوە بگرە تا ناوەندەکانی سەرکوتی ناڕاستەوخۆ، لەوانە ڕێکخراوە دژە کرێکارییەکانی وەك**



**خانەی کاریگەر و شۆرای ئیسلامی و هیتر، بووە.**
مانگرتن و ناڕەزایەتی بەشێکی جیانەکراوەی مەوجودیەتی چینێکە کە سەروەت و نێعمەتە کەڵەکە کراوەکان لەم کۆمەڵگایەدا بەرهەمی کار و ڕەنجی ئەوە. حەقدەستێك کە سەرمایەداران ئەیدەن بە کرێکاران، تەنیا بەشی ژیانێکی مەمرەو مەژی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەکات تا بتوانن سبەینێ دیسان بچنەوە سەرکار و سەرلەنوێ بچەوسێنەوە و سەروەت بەرهەم بێنن. بەڵام کرێکاران لە بەرانبەر ئەم بارودۆخە زاڵمانەیەدا تەسلیم و بێ ئیرادە نین. ئەگەر سەرمایەداران هەموو هەوڵی خۆیان بەکار دێنن تا بە دانی حەقدەستی کەمتر بە کرێکاران، بە خۆ بواردن لە ئەنجامی ئەو تەعەهودات و تەوافوقیان لەگەڵ کرێکاران، سود و قازانجەکانیان زیاتر بکەن، لە بەرانبەردا کرێکارانیش بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان مانگرتن وەک شێوازێکی کارا لەدژی سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان بەکار دێنن.
مانگرتنی یەکگرتووانە سەرەتای خەباتی هەدەفمەندی کرێکارانە وەک چینێک لەدژی نیزامی سەرمایەداری. تا پێش لەو شێوازە لە خەبات کرێکاران تەنیا بەشێوەی فەردی لە کێشمەکێشەکانیدا لەگەڵ سەرمایەدارانی قازانج پەرست دەرگیر بوون. بەڵام لەوە بەدواوە کرێکاران فێر دەبن کە چلۆن هێزی بە کۆمەڵی خۆیان لەم

نەبەردەدا بەکار بێنن. کرێکاران فێربوون کە خەباتی بە تەنیایان لەگەڵ سەرمایەداران بەهیچکوێ ناگات. کرێکاران لە جەریانی مانگرتندا لەژێر باری سوکایەتی پێکرانی هەموو رۆژەیان لەلایەن سەرمایەدارانی قازانج پەرستەوە پشت ڕاست کردووەتەوە و باوەڕ بەخۆبوون و کەرامەتی ئینسانی خۆیان بەدەست هێناوەتەوە. دروشمی "کرێکار دەمرێ، بەڵام زیللەت قەبووڵ ناکات" سەلمینەری ئەم واقعیەتەیە. لەگەڵ دەستپێکردنی هەر مانگرتنێکدا خاوەنکاران بۆیان دەردەکەوێ کە مەیدانداریی ئەوان لەدژی کرێکاران سنوورێکی هەیە و ئەوان ئیتر حاکمانی موتڵەق بەسەر چارەنووسی کرێکارانەوە نین. کرێکارانیش دەزانن کە ڕێگایەک بۆ



ڕزگار بوون لە فەلاکەتێک کە سەرمایەداران بەسەریاندا سەپاندون بوونی نییە و هیوا بە ڕزگار بوون لە ژیانی ژێردەستە بوون لە وجوودیاندا چەکەرە دەکات.

لە جەریانی مانگرتندا کرێکاران روو بە روو لەگەڵ سەرمایەداران وتووێژ دەکەن، مافەکانیان بە پشتیوانی هێزی یەکگرتوانەی خۆیان داوادەکەن، بەم جۆرە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە هەست دەکەن کە لەگەڵ سەرمایەداراندا لە ئاستێکی یەکساندان. لە رۆژەکانی مانگرتندا ئەوە کرێکارانن کە دەستور بە سەرمایەداران ئەدەن و بەسەریاندا فەرمان ئەکەن. ترس لە شکڵ گرتن و گشتگیر بوونەوەی وەها رۆحیەیەکە کە دەوڵەتانی پشتیوانی سەرمایەداران توشی وەحشەت دەکات و سەرلێشێواوانە ئامرازەکانی سەرکوتی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەدژی کرێکاران بەکاردێنن. کاردانەوەی دەوڵەتەکان ئەوە فێری کرێکاران دەکات کە بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم نەبەردە دەبێ وشیارانە تر و ڕێکخراوتر و ڕەزمەندەتر بێنە مەیدانی عەمەلەوە.

مانگرتن چاوی کرێکاران نەتەنیا بە رووی ماهیەتی سەرمایەداران " بەڵکوو بە رووی ماهیەتی دەوڵەت و یاساکانیشیدا دەکاتەوە، هەر مانگرتنێک ئەم ڕاستیەی کە دەوڵەت دوژمنی کرێکارانە و چینی کرێکار دەبێ خۆی بۆ خەبات لەدژی دەوڵەت و بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی هەموو خەڵک ئامادە بکات وەبیر کرێکاران دێنێتەوە. مانگرتن ئەوە فێری کرێکاران دەکات کە بەیەکەوە بن، نیشانیان ئەدات کە ئەوان تەنیا کاتێک کە یەکگرتوو بن دەتوانن لەدژی هەموو سەرمایەداران خەبات بکەن. مانگرتن فێری ئەوەیان دەکات کە بیر لە خەبات لەدژی حکوومەتی پۆلیسی بکەنەوە و بۆ ئازادی هەموو خەڵک، سەرجەم ئەوانەی کە زەحمەت دەکێشن لەژێر کۆت و بەندی ئیستبداد خەبات بکەن".

بەم جۆرە مانگرتن مەیدانەکانی خەباتی سیاسی بە رووی کرێکارانی پێشڕەو و ڕێبەرانی کرێکاریدا دەکاتەوە. فێریان دەکات کە ئەرکی گۆڕینی ئەم کۆمەڵگا پێچەوانەیەی کە چارەنووسی لەدەستی چینێکی زەروو سفەت دایە لە ئەستۆی ئەوانە. کرێکاران بە درێژەدان بەم خەباتە فێر دەبن کە هەموو جۆرە جیاکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەی و ئایینی، برسیەتی، قاتوقڕی، ستەم بەرانبەر ژنان، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئیعتیاد، لەشفرۆشی، کاری منداڵان، منداڵانی خیابانی و سەرجەم فەسادێک لەم کۆمەڵگایەدا هەیە بەرهەمی نیزامێکە کە لە باری مێژووییەوە تەمەنی بەسەرچووە و بە دەستی پڕ توانای چینی کرێکار دەکرێ بگۆڕدرێت.

بزوتنەوەی کرێکاری لە هیچ وڵاتێک مافی مانگرتنی لە ڕژیمە سەرمایەداریەکانی حاکم سواڵ نەکردوە، بەڵکوو ئەم مافەی بە هێزی یەکگرتوویی و خەباتی خۆی بەدەست هێناوە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا ئەگەرچی ڕژیم وەها مافێکی قەت بۆ کرێکاران بەڕەسمیەت نەناسیوە بەڵام مانگرتن بەردەام یەکێک بووە لە ئامرازەکانی جەماوەری کرێکاران بۆ دەرکێشانی بەشێک لە مافەکانیان لە گەرووی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان. مانگرتنی سەرکەوتووانەی کرێکارانی نەوت و پێترۆشیمی، ڕێگەی ئاسنی سەرانسەری و مانگرتنە بەردەوامەکانی کرێکارانی خەباتکاری نەیشەکەری حەوت تەپە، مانگرتنی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان و فوولادی ئەهواز و شوێنەکانی دیکە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو نموونە شکۆدارەکانی بەکارهێنانی ئەم چەکەیە لەلایەن کرێکارانەوە.

مانگرتن ئامرازی خەباتی بەکۆمەڵی کرێکارانە. مانگرتن مەدرەسەیەکە بۆ ئاموزشی چینی کرێکار لە خەباتێکی چارەنووس سازدا کە خەریکە بەرەو پێشی ئەبات. مانگرتن دەرفەتێکە بۆ دەرکەوتن و پەروەردەی هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری. لە جەریانی مانگرتندایە کە کرێکاران هەست بە پێویستی ڕێکخراوبوون و یان نەزم دانی زیاتر بە ڕێکخراوەکانیان دەکەن. لە جەریانی مانگرتندایە کە کرێکاران خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حەرەکەتی بەرەو پێشی خۆیان دەناسن و تەجروبەکانیان بۆ خەباتی چارەنووس سازی داهاتوو دەوڵەمەند تر دەکەن. لە جەریانی مانگرتندایە کە هاوڕێیەتی و هاوپشتی کرێکاری بەهێز دەبێت. لە رۆژەکانی مانگرتندا بنەماڵە کرێکاریەکان زیاتر لە پێشو لەیەکتر نزیک دەبنەوە و لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی رۆژانەیاندا یارمەتی یەکتر دەدەن.

هیچ ڕادەیەک لە خزمەتگوزاری و بیمەکان، هیچ ڕێژەیەک لە زیاد بوونی حەقدەست، هیچ باشتر بوونێک لە بارودۆخی ئیمنی کار، بەرهەمی بڕیاری دڵخوازانە و ئیختیاری لە لایەن سەرمایەدارانەوە نەبووە . هەر مافێک کە لەم بوارانەدا بەدەست هاتووە، تەنیا بەرهەمی خەباتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و یان ترسی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان بووە لە کاردانەوەی توند و پەرەسەندنی زیاتری خەباتی کرێکاران. سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان تا کاتێک کە لەگەڵ نارەزایەتی و خەباتی کرێکاران لە شێوازی مانگرتندا بەرەوڕوو نەبنەوە، بایەخ بە داخوازی کرێکاران نادەن. بەڵام کاتێک کرێکاران پرۆسەی بەرهەمهێنان و کەڵەکە کردنی سوودی سەرمایەیان ڕاگرت ئەوکاتەیە ترس لە گیانیان دەنیشێ و لێیان حاڵی دەبێت کە چلۆن شووشەی تەمەنی نیزامەکەیان لە دەستی ئەو بێبەشانە دایە کە تا دوێنێ کردبویاننە کۆیلە و سووکایەتییان پێدەکردن. مانگرتن فێرگە و قوتابخانەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە لەدژی نیزامی سەرمایەداری.

❊❊❊

# کاریگەرییەکانی ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد لەسەر کۆماری ئیسلامی

بەدوای ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسد، کۆماری ئیسلامی لە ناوەوە و دەرەوە بەرەوڕووی مەترسی و گرژیی زیاتر بووەتەوە. دەرئەنجامەکانی ڕووخانی دیکتاتۆر بەشار ئەسەد بووەتە هۆی سەرلێشێواوی و گومان لە ئاستە بەرزەکانی دامودەزگا نیزامی و ئەمنییەکان و سپای پاسداراندا. بە ئاگاداربوون لەم بابەتە خامنەیی لە وتارەکەی ئەم دواییەیدا ڕایگەیاند "موقاومەت لاواز نەبووە. دڵنیا بن ئەم بارودۆخە لە سووریە دەگۆڕدرێ.




گومانتان لەوەدا نەبێ کە ناوچە داگیرکراوەکانی سووریە بەدەستی لاوانی ئازای سووریە بۆ جارێکی تر ئازاد دەکرێنەوە". بەدوای خامنەییدا ڕێبەران و بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامیش بۆ تەقویەتی ڕووحیەی هێزەکانی ڕژیم، وێڕای دان پێدانان بە شکست لە سووریە، دەستیان کرد بە هەڵیت و پڵیت سەبارەت بەوەیکە بارودۆخی کۆماری ئیسلامی بۆ قۆناغی بەر لە ڕووخانی حکوومەتی ئەسەد دەگەڕێننەوە. سەلامی فەرماندەی گشتی سپای پاسداران بە دووپات کردنەوەی وتەکانی خامنەیی ناڕاستەوخۆ شکستی قەبووڵ کرد و وتی: "ئاڵوگۆڕەکانی سووریە دەرسێکی تاڵ و پەندێکی گەورەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ئاڵوگۆڕەکانی سووریە وەریگرتووە. بەڵام نابێ نائومێد بین چونکە لاوانی موقاوەمەت سووریە ئازاد و ئیسرائیل لەناو دەبەن. هەروەک بینیمان لە لوبنان موقاوەمەت بەجۆرێک هەنگاوی هەڵگرت کە سەهیۆنیستەکانی ناچار کرد ئاگربەست قەبووڵ بکەن". لەم پێوەندەدا جێگری ڕێکخەری ئەرتەش بە ئاماژەدان بە پێشهاتە خێراکانی سووریە کە بووە هۆی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد و بۆ پاساوکردنی شکستی کۆماری ئیسلامی، ڕایگەیاند: باروودۆخەکە وای لێهاتووە کە ئەمڕۆ ناتوانین بە تەواوی پێشبینی بکەین ساڵی داهاتوو چی ڕوودەدات".

ئەوەش لە کاتکێدایە کە ڕووخانی ڕژیمی تاوانکاری بەشار ئەسەد و شکستی یەک لەدوای یەکی کۆماری ئیسلامی و تاقمەکانی "میحوەری موقاومەت"، خۆشی و شادی خەڵکی ئێرانی لێکەوتووەتەوە. زۆر کەس لە ناوەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بەفیڕۆدانی سەدان ملیارد دۆلار لەلایەن کۆماری ئیسلامی لەپێناو پێشخستنی سیاسەتی فراوانخوازی و ستراتیژی شکستخواردووی "شەڕی پێشگرانە و قووڵایی ستراتێژیک" و پێکهێنانی گرووپە تیرۆریستەکانی میحوەری موقاومەتیان داوەتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە. زۆرێک لە چاودێران و شیکارانی سیاسی لە ناوەوەی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد، بووەتە هۆی بێ ئیعتبار بوونی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لەبەرچاوی کەسانی سەر بە ڕژیم و ئەوانی تووشی گومان و سەرلێشێواوی کردووە و ڕژیم لەمە بەدوا لە هاوکێشە سیاسییەکان و دانوستانەکاندا شتێکی بۆ ئیمتیاز وەرگرتن نابێت. لە وەها هەلومەرجێکدا عەلی خامنەیی لە سەرهەڵدانی ئاخێزی نارەزایەتی سەرتاسەری لەدژی حکوومەتی ئیسلامی نیگەرانە و بۆ ڕاگرتنی ڕەوتی لەقاودانی ئەم ڕاستیيانە، باس کردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی لەم پەیوەندییەدا بە تاوان ڕاگەیاند و هەڕەشەی لە خەڵک کرد کە لەلایەن دەزگای قەزاییەوە سزا دەدرێن.

هەفتەی ڕابردوو عەلی خامنەیی بە بێ ئەوەیکە ناوی دەوڵەتی ئەردۆغان بێنێت ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەدی بە ئاکامی بەڕێوەچوونی پیلانی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەن دەوڵەتێکی دراوسێ ناوبرد و وتی کە ئەم دەوڵەتە لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بووە و ئێستاش هەیەتی و هەمووان ئەوە دەبینن". بەدوای ئەودا عەلی ئەکبەر ولایەتی ڕاوێژکاری باڵای خامنەییش لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێریی "تەسنیم" وتی: "بەداخەوە ماوەیەکە تورکیە دەست بە دامانی ئەمریکا و ڕژیمی سەهیۆنیستییە و بووەتە ئامرازی دەستی ئەوان و لە جەریانی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەدیشدا ڕۆڵێکی ئاشکرای بووە". ئەم بابەتە بووەتە هۆی دروست بوونی گرژیی سیاسی و ئابووری لە پەیوەندی نێوان ڕژیمی ئیسلامی و حکوومەتی تورکیەدا. ئاشکرایە کە تورکیە لە ڕێکخستن و پڕچەک کردنی هێزە ئیسلامییەکانی دژبەڕی ڕژیمی سووریە دەورونەخشی سەرەکیی بووە. بەڵام لە هەمان کاتدا لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا تورکیە یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بووە لە دەور لێدانەوەی سزا ئابوورییەکان و دابینکردنی کاڵا پێویستەکانی ڕژیم. بەم مەبەستە دەوڵەتی ئەردۆغان بە ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕژیم ڕێگەی دا کە لە تورکیە شیرکەتی بازرگانی تۆمار بکەن و موعاملە .دەستپێبکەن

لە وڵام بە هێرشە لەفزییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر تورکیە "هاکان فیدان" وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتە لە وتووێژ لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "ئەلحەدەس" وتی: "کەسانێک هەوڵ دەدەن لەڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی خۆیانەوە بەسەر وڵاتانی دیکەدا حکوومەت بکەن. تورکیە بەدوای داسەپاندنی هەژمۆنی بەسەر هیچ وڵاتێکدا نییە. بەڵام هەژمۆنی کۆماری ئیسلامی و هیچ وڵاتێکی تریشمان بەسەر ناوچەکەدا ناوێت. تاران دەبێ لە ئاڵوگۆڕەکانی سووریە دەرس وەربگرێت و ناوچەکە نەکاتە گۆڕەپانی هێزە نیابەتییەکانی خۆی. ئیسرائیلیش بەخاتری ئەو بارودۆخەی کە بەشار ئەسەد بۆ کۆماری ئیسلامیی فەراهەم کردبوو ناڕازی بوو". ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئیبراهیم کالین سەرۆکی ڕێکخراوی "میت"ی تورکیە و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەمنیی قەتەر چوار ڕۆژ دوای ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد چوونە دیمەشق. کالین لەگەڵ ئەبوو محەممەد جەولانی لە شەقامەکانی دیمەشق دەرکەوت. هاکان فیدان ڕایگەیاند کە ئەم سەفەرە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا ئەنجام دراوە. بەڵام ناوبراو لەکاتکێدا باس لەوە دەکات کە تورکیە بەدوای سەپاندنی هەژمۆنی بەسەر هیچ وڵاتێکدا نییە کە لەم دواییەدا ئەردۆغان بە بیری زیندووکردنەوەی ئیمپراتووریەتی عوسمانی ڕایگەیاند: "ئەگەری زۆرە شارەکانی دیمەشق، حەلەب و ئیدلەب لە ."داهاتوودا ببنە یەکێک لە پارێزگاکانی تورکیە

ئاشکرایە کە لەم ماجەرایەدا تورکیە بەدوای نفووز لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێ کردن و داسەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر ئەم وڵاتە و درێژەی داگیرکاری لە کوردستانی سووریەیە و هەڵبەت دەیهەوێ کێشەی پەنابەرانی سووریی دانیشتووی تورکیەش لەسەر ڕێی خۆی لابەرێت. بەڵام بەدەر لە سیاسەتی دژەئینسانی، فراوانخوازانە و فاشیستی حکوومەتەکانی کۆماری ئیسلامی و تورکیە و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، ئەوەیکە لە سووریە ڕوویدا نە لە ڕاستای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی لە ژیان و ئەمنیەتی کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی سووریە، بەڵکوو گۆڕینی ڕوخساری حاکمانی دیکتاتۆر و جەنایەتکارە. حکوومەتێک کە دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا و تورکیە دەیانهەوێ لە سووریە دایمەزرێنن حکوومەتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامییە کە خۆی لەگەڵ پێداویستی ئەو دەوڵەتانەدا بگونجێنێ. لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا بەشداریی هوشیارانە و ڕێکخراوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی سووریە لەوانە عەرەب، کورد، دەروزی، مەسیحی و هیتر لە دیاریکردنی مەسیری ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو، ئەو ئاسۆیەیە کە دەتوانێ خەڵکی ستەمدیدەی سووریە لە چنگ حکوومەتەکانی هاوشێوەی ئەسەد لە ناوچەکە و کێبەرکێی زلهێزە .ئیمپریالیستەکان ڕزگار بکات

❊❊❊

# کۆنفڕانسی ١٣ی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوەچوو!

کۆنفڕانسی ١٣ی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٢٤ و ٢٥ی مانگی سەرماوەزی ١٤٠٣ بەرابەر لەگەڵ ١٤ و ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٤ بە بەشداری ئەندامانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزب، هاوڕێیانی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) و سەرجەم هاوڕێیانی بەرئەندام بەشێوەی ئانلاین




بەڕێوەچوو

کۆنفڕانس بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێیانی حیزب و هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەست بە کار بوو. پاشان ئاییننامەی ناوخۆیی کۆنفڕانس پەسندکرا و هەیئەتی ڕەئیسەی دایم هەڵبژێردرا. لە درێژەدا هاوڕێ ئەڵماس فەڕزی (سەمەد) دەبیری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب وێڕای بەخێرهاتن کردنی ئامادەبووان، هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامان بەتایبەتی کۆمیتەی تەشکیلاتی دەرەوەی لە نۆژەنکردنەوە و پێشخستنی ئەرکە تەشکیلاتی و سیاسییەکانی حیزب بەرز نرخاند. ئەو وێڕای ئاماژەدان بە بارودۆخی هەستیار و وەرچەرخاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و درێژەی قۆناغی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، لەسەر گرینگی ئامادەبوونی هەرچی زیاتری ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات بۆ پشتیوانی بەرین لە بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی ئێران تەئکیدی کرد

دواتر هاوڕێ مەزریە نەزەری بەیاننامەی سیاسیی کۆنفڕانسی پێشکەش کرد؛ بەیاننامەیەک کە لە کۆبوونەوەکانی ئامادەکاری بۆ کۆنفڕانسدا گفتوگۆی لەسەر کرابوو. ئەم بەیاننامەیە لەلایەن ئەندامانەوە درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و دەقی کۆتایی بۆ بڵاوکردنەوەی گشتی ئامادە دەکرێت. لە بەشی دواتردا، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات لەلایەن هاوڕێ ئەڵماس فەرزییەوە پێشکەش کرا. لەم ڕاپۆرتەدا وێڕای ئاماژە بە نۆژنکردنەوەی سەرکەوتووانەی تەشکیلات لەدوای کۆنفڕاسی ١٢ی ڕێکخراوی دەروەی وڵات کە باڵی ئینشعابی سەرەڕای هەوڵەکانی ئێمە بۆ یەکڕیزیی بنەڕەتیی حیزب، ئینشعابێکی نەخوازراویان بەسەرماندا سەپاند و هەموو ئیمکانات و ئامرازەکانی تەشکیلاتیان داگیر کرد، تیشک خرایە سەر: هەوڵەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات و سەرجەم ئەندامانی حیزب لەڕاستای زەرووڕەتی تەحکیمی حیزبییەت، گەشەپێدانی ڕێکخراوی دەرەوە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی، بەهێزکردنی بواری دارایی تەشکیلات، زیادکردنی ئەندامان و ڕاهێنان و گواستنەوەی ئەزموون و زانستی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ کادرە لاوەکانی حیزب، پێویستی کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، یەکڕیزی و کاریگەرتر کردنی چالاکی و خەباتمان لە دەرەوەی وڵات بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە هاوچارەنووسەکان. ڕاپۆرتەکە دوای گفتوگۆ و پەسند کردن، بە مەبەستی پێداهاتنەوە و پاشان بڵاوکردنەوە ڕادەستی کۆمیتەی هەڵبژێردراوی کۆنفڕانس کرا

لە بەشی کۆتایی دەستووری کاری کۆنفڕانسدا، بەپێی ئەساسنامەی حیزب، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات بەڕێوەچوو. لەناو نوێنەرانی حەوزەکانی حیزب و کاندیدەکاندا، ١٢ کەس بۆ هیدایەت و ڕێبەریی ڕێکخراوی دەرەوە هەڵبژێردران. کۆنفڕاس دوای دوو ڕۆژ کاری چڕوپڕ، بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و تەئکید لەسەر هاوپشتیی جیهانیی چینی کرێکار، سەرکەوتووانە کۆتایی هات

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی

دێسامبری ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

بو بینینی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی -کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە بکەن:
alternative-shorai.tv

# پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی ئاژاوە و بشێوی لە سووریە

ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد گەورەترین زەربە بوو کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە سیاسەتی "ستراتیژی شەڕی پێشگرانە"ی کۆماری ئیسلامی دراوە. کۆماری ئیسلامی هیوادار بوو لەڕێگەی هێزە میلیشیاکانی سەر بە خۆی کە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەزینەی یەکجار زۆری لێکردوون، بتوانێ ڕێکخراوی لێکهەڵوەشاوی حیزبوڵڵا لە لوبنان لەڕێگەی سووریەوە ساغ بکاتەوە و درێژە بە سیاسەتی دەستتێوەردان و فراوانخوازی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات. بەڵام ڕووخانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی دێرینەی واتە ئەسەد و هاتنە سەر دەسەڵاتی گرووپێکی کۆنەپەرست و تیرۆریستی لە جۆری خۆی بە دەخاڵەتی دەوڵەتە ڕەقیبە جیهانی و ناوچەییەکان لەوانە ئەمریکا و تورکیە و قەتەر، هەرجۆرە ئیمکانێکی حزووری کۆماری ئیسلامی لە سووریە بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی لە داهاتوو پووچەڵ کردەوە. ئەحمەد شەرع ڕێبەری هەیئەتی "تەحریری شام" هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی هیچ پێگەیەکی لە داهاتووی سووریەدا نابێت

بەڵام ئەوە تەنیا گرووپی تەحریری شام نییە کە حزووری کۆماری ئیسلامی لە سووریە قەدەغە و نامویکن کردووە، بەڵکوو خەڵکی سووریەش بەهۆی کردەوە و هەڵسووکەوتی تیرۆریستی و شەڕخوازی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا و بەشداربونیان لە سەرکوت و کوشتاری سەدان هەزار کەس لە خەڵکی نارازی لە جەریانی ئاخێزە جەماوەرییەکانی خەڵکی سووریە دژبە ڕژیمی بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠١١ تا کاتی ڕووخانی بەشار ئەسەد، لە کۆماری ئیسلامی تووڕە و بێزارن. هەروەک بینیمان لەدوای ڕووخانی حکوومەتی ئەسەد، تاکە باڵیۆزخانە کە لە دیمەشق هێرشی کرایە سەر باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی بوو

بەم حاڵەوە خامنەیی و باقی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی هێشتا لە هەوڵی ئەوەدان لەڕێگەی دەست و پەیوەندەکانیان لە سووریە ئاژاوە و بشێوی دروست بکەن و بەجۆرێک پێگەی لەدەستچوویان بگەڕێننەوە. ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو عەلی خامنەیی لە وتارێکیدا وتی: "پێشبینیی ئەوە دەکەم کە گرووپێکی شەرافەتمەندی بەهێز لە سووریە سەرهەڵدەدات. لاوی سووریەیی شتێکی بۆ لەدەستدان نییە. ماڵ و ژیانی نائەمنە، چی بکات. زانکۆ و خوێندنگا و شەقام و هەموو شوێنێک بۆی نائەمنە. لاوانی سووریەیی دەبێ بەهێز و بە ئیرادەوە لەبەرامبەر کەسانێک کە هۆکاری نائەمنین ڕاوەستن". ئەو پێشتریش بەڵێنی دابوو کە بارودۆخی سووریە هەر بەم شێوەیە نامێنێت و دەگۆڕدرێت. مۆحسین ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سپای پاسداران و ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزامیش بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک لە پەیوەند لەگەڵ بارودۆخی سووریە ڕایگەیاند کە لەماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا "میحوەری موقاوەمەت" لە سووریە سەرهەڵدەداتەوە. عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ڕژیمیش پێشبینیی کردبوو کە هێشتا زووە لەسەر داهاتووی سووریە بڕیار بدەین. چونکە هۆکارگەلێکی زۆر لە بارودۆخی سیاسی ئەم وڵاتەدا دەور ونەخشیان هەیە. ئەو کەسانەی کە بارودۆخی



ئێستای سووریە بە سەرکەوتن دەزانن، دەبێ پێیان بڵێین دڵتان بەوە خۆش مەکەن. چونکە داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانتان دەکات

بەڵام بێجگەلە ئەم لێدوان و پێشبینیانە، لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە بە هاندان و خراپکاری، زەمینە بۆ ناڕەزایەتی لە هێندێک لە شارەکان لەوانە "لازقیە" و "حۆمس" و "تەرتووس" کە زۆربەی دانیشتووانیان شیعەی عەلەوین دروست بکات. ڕۆژی سێشەممە چواری مانگی بەفرانبار گرووپێکی میلیشیای نەناسراو هێرشیان کردە سەر زیارەتگای عەلەوییەکان لە ناوچەی میسلوون لە شاری حەلەب و لەم هێرشەدا ٥ کەسیان کوشت و زیارەتگاکەشیان ئاگر تێبەردا. بەدوای ئەوەدا چەندین ناڕەزایەتی لە شارەکانی تەرتووس، لازقیە و حۆمس بەڕێوەچوو. هەڵبەت زۆرێک لە خەڵک بەلەبەرچاوگرتنی پێشینەی ڕژیمی ئیسلامی و بە سەرەنجدان بە وتەکانی عەلی خامنەیی، پەنجەی تاوانیان بەرەو کۆماری ئیسلامی ڕاکێشا و وتیان کە ئەم هێرشە بە ئامانجی ئاژاوەنانەوە ئەنجام دراوە. بەوتەی دانیشتووانی ناوچەکە، ئەم خۆپیشاندانانە لەلایەن ئەندامانی گرووپە توندڕەوەکانی عەلەوی و شیعەوە ڕێبەری کراون. لەم پەیوەندییەدا "ئەسعەد حسێن شیبانی" وەزیری دەرەوەی هەیئەتی تەحریری شام، ڕۆژی سێشەممە ٤ی مانگی بەفرانبار داوای لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کرد کە لە دروستکردنی ئاژاوە و بشێوی لە سووریە خۆبەدوور بگرن و ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی سووریە و دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بگرن. ناوبراو وتی: "خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەرجۆرە دەرئەنجامێکی لێدوانەکانیان بە بەرپرسیار دەزانین"

لە ڕووداوێکی دیکەی هاوشێوە و گوماناویدا لە شارۆچکەی مەسیحی "سەقلبیە" لە نزیک شاری حەما، ژمارەیەک کەسی دەمامکدار کە دەوترێت ئەندامی بیانی گرووپێکی ئیسلامین بە ناوی "ئەنسار التوحید" ئاگریان لە دارێکی کریسمس بەردا. بەدوای ئەوەدا ئێوارەی دووشەممە ٣ی مانگی بەفرانبار خۆپیشاندانێک لە دیمەشق بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەم کارە هاندەرانەیە بەڕێوەچوو. بەرپرسێکی تەحریری شامیش پشتراستی کردووەتەوە کە ئەنجامدەرانی ئەم کارە سووریەیی نەبوون.

دوای ئەوەیکە گرووپی تەحریری شام دەسەڵاتی گرتە دەست، بەهۆی ئەوەیکە زۆرێک لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سووریە نیگەرانی داهاتووی خۆیانن، لە دیمەشق و شارەکانی دیکەی سووریە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ناڕەزایەتیی بەڕێوەبرد و خوازیاری پێکهێنانی حکوومەت بە بەشداری نوێنەرانی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بوون. بێگومان جەماوەری ستەمدیدەی سووریە کە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەژێر دیکتاتۆرییەتی بنەماڵەی ئەسەددا لە ئازادی و ئاسایش و خۆشبژێوی بێبەری بوون، مافی خۆیانە کە بەدەستی خۆیان چارەنووسیان دیاری بکەن. جەماوەری خەڵک لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە کە لەژێر دەسەڵاتی گرووپە ئیسلامییەکانی وەک کۆماری ئیسلامی، تاڵەبان، داعش، حوسییەکان، ئەخوانولموسلمین و هیتردا بوون، بێجگەلە هەژاری و نەهامەتی، شەڕ و نائەمنی، کوشتار و وێرانی شتێکی تریان بەنەسیب نەبووە. بێگومان دەسەڵاتی "هەیئەتی تەحریری شام"یش بە پێشینەی ئەلقاعدە و داعشەوە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوان نابێت. بەڕیزبوونی نوێنەرانی دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و ناوچەکە بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی تەحریری شام، تەنیا لەپێناوی دابینکردنی قازانج و بەرژوەندی خۆیاندایە و هیچی تر. ئەوان نەتەنیا لەگەڵ حکوومەتە سەرمایەدارییە ئیسلامییەکان هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵکوو خۆیان لە هاتنە سەر کاریاندا دەستیان بووە. بێگومان مەرجی بەشداریی چالاکانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی جەماوەری لە سووریە کە بەرژوەندی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا دابین بکات، ڕێکخستن و پێکهێنانی ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە گەڕەکەکانی شارە جۆراوجۆرەکان، شارۆچکەکان و گوندەکان لە سەرتاسەری سووریە بە ئاسۆی وەدیهێنانی ئازادی و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و نابەرابەری و ڕەفاهی گشتییە

***

# بەیادی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦، ئەو دە ڕۆژەی ئێرانی هەژاند

٧ی مانگی بەفرانبار، ساڵڕۆژی دەستپێکی ئاخێزی سەرتاسەری بێبەشان و هەژارانی شارە لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦دا. ئەم ئاخێزە کە پتر لە ٩٠ شاری ئێرانی تەنییەوە و بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ درێژەی بوو، ئێرانی هەژاند. حەوت ساڵ لەمەوبەر، بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەهەزاران کەس لە خەڵکی مەشهەد هاتنە سەر شەقامەکان و لە نارەزایەتی دژبە هەژاری و گرانی، بێکاری بەرین و گەندەڵی و دزیی بەرینی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی، درووشمیان بەرز کردەوە. نارەزایەتی هەژارانی شاری مەشهەد کە ڕیشەی لە هەژاری و فەلاکەتی ئابووری، توندتر بوونەوەی ناکۆکیی چینایەتی و بێ‌مافی بێسنووری سیاسی و ڕق و بێزاری لەدژی گەندەڵی و دزی کەلانی بەرپرسانی ڕژیم دابوو، هەر وەك چەخماخەیەك، بڵێسەی ئاگری ئاخێزی سەرتاسەریی دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەڵگیرساند. دەتکوت ژان و ئازاری هاوبەش و نەفرەت و نارەزایەتی گشتی لە نیزامی سیاسی و چینایەتیی زاڵ و باوەڕ بە ئیسلاح نەکرانی کۆماری ئیسلامی، یەك شەوە، زۆرینەی هەژاران و ڕەنجدیتوانی کۆمەڵگای ئێرانی پێکەوە پەیوەند دابوو. هەژاران لە دەیان شارەوە هاتنە سەر شەقامەکان، لاوان بە گرووتینێکی کەم وێنەوە سینگیان کردە قەڵغان و بە دەنگی ڕەساوە، درووشمەکانی "مەرگ و نەمان بۆ ڕووحانی" مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر"، ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" و "نان، کار ئازادی"یان بەرز کردەوە و بە درووشمی "مەترسن مەترسن، ئێمە هەموو پێکەوەین" بەرەنگاری هێزە سەرکوتگەرەکان بوونەوە

بەڵام ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو. بەرهەمی وێرانکەری سیاسەتی نیئۆلیبرالیسمی ئابووری و بارووەدۆخی نالەباری ژیانی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا، زۆر پێشتر، بەستێنەکانی ئاخێزی سەرتاسەری ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی ئامادە کردبوو و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری لە ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و خەباتی جەماوەری، ئەگەری سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییەی حەتمی کردبوو. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران، ساڵانێك بوو کە لە هەژاری، بێکاریی ملیۆنی و نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، لە نەدرانی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، لە دیاردەی منداڵانی کار و سەرشەقام و پەرەسەندنی ئازارە کۆمەڵایەتیەکان، وەگیان هاتبوون. لەم بارووەدۆخە کارەساتبارەدا، پێداگریی دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر درێژەی خسووسی سازی و بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی نیئۆلیبراڵی، بارووەدۆخەکەی ئەوەندەی دیکەش دژوارتر کردبوو. لە لایەکەوە، درێژەی ئەم بارووەدۆخە فەلاکەتبارە و لە لایەکی دیکەشەوە، داسەپاندنی هەزینەی قورسی دەخاڵەتی نیزامی و پشتیوانی لە ڕەوتە تیرۆریستەکان لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران، ئاشکرا بوونی پەروەندەی گەندەڵی و دزیی هەزاران ملیارد تمەنی و لەقاودرانی جەناياتێك کە سەرانی ئەم ڕژیمە دەرحەق خەڵکی ئێران ئەنجامیان دابوو، کاردی گەیاندبووە سەر ئێسقانی کرێکاران و توێژە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگای ئێران. ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانبار، ڕیشەی لەم حەقیقەتانەی ژیان دا بوو. لە وەها بارووەدۆخێکدا، شەپۆلی ڕاپەڕین کەوتە ڕێ و کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا،



لە جەرەیانی ئەم ئاخێزدا، بەئاشکرا نیشانیان دا کە چیتر نایانهەوێ وەك ڕابردوو بژین

دوژمن کە بەخاتری خێرایی سەرسووڕهێنەری نارەزایەتییەکان، خافڵگیر ببوو، بەخۆیدا هاتەوە و هێزی سەرکوتی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییە وەکار خست. خامنەیی ئیدیعای بێزراوی هەموو دیکتاتۆرەکانی دووپات کردەوە و ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی، بەرهەمی "پارە، چەك، سیاسەت و دەزگا ئەمنییەکانی دوژمن" پێناسە کرد. ڕووحانی ئێعتداڵگەرا و خاتەمی ئیسلاحتەڵەب، خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی یاسایی لەدژی "ئاژاوەگێڕان و ئەوانەی بشێوێ دروست دەکەن" بوون. فەرماندەکانی سپای پاسداران، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان داخست و هێزەکانی سارولڵا و بەسیجیان لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران هێنایە مەیدان و حکوومەت نیزامییەکی توند و ڕانەگەیەندراویان بەڕێوەبرد. بەهۆی هێرشی هێزی سەرکوتگەر بۆسەر ڕیزی خۆپیشاندەران، دەیان کەس گیانیان لەدەست دا و بەسەدان کەس برینداری بوون و پتر لە سێ هەزار کەسیش دەستبەسەر کران

ئاخێزی مانگی بەفرانبار، بەشێوەی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری و تێکەڵ لەگەڵ شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقامەکان، پاش دە ڕۆژ، خەوتەوە. بەڵام بێگومان کۆتایی هاتنی ئەم ئاخێزە، تەنیا بەهۆی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو تێگەیشتن و پێگەیشتوویی سیاسیی بەڕێوەبەرانی ئەم ئاخێزە، لە پانتای کۆمەڵایەتیدا، لە خەوتنەوەی ئەم ئاخێزەدا، دەور و نەخشێکی بەرچاوی بوو. هەژارانی ڕاپەڕیو، کاتێك بۆیان دەرکەوت کە جلی شۆڕش هێشتا بۆ جەستەی ئەم ئاخێزە نابێ و ئامادەی نەبەردی نیهایی نین، کاتێك کە زانییان چینی کرێکار لە بواری ڕێکخستن و ڕێبەریی سیاسییەوە هێشتا ئامادەی ئەوە نییە کە بە مانگرتنی سەرتاسەریی خۆی ماشێنی سەرکوتی دوژمن زەمینگیر بکات، کاتێک کە بۆیان دەرکەوت پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ڕژیم هێشتا ئامادە نەبووە، ئیرادەیان کرد کە خەباتی خۆیان، لە شکڵ و شێوازی دیکەدا بەرەوپێش بەرن. بەڵام بەدەر لەوانە، ئاخێزی مانگی بەفرانبار، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مەزن بوو لە وشیاری و زەینییەتی جەماوەر بەرامبەر بە ماهییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بێگومان، خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمەی بردە قۆناغێکی تازەوە

ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانبار، وەك خاڵێکی وەرچەرخان، کۆتایی بە زاڵ بوونی وتاری ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، بەسەر کەش و هەوای سیاسی ئێراندا هێنا. لە کاتی هاتنە سەر کاری دەوڵەتی خاتەمییەوە، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ، ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی هەوڵیان دا، خەبات لە چوارچێوەی بەرتەسکی یاسای ئیسلامی، بکەنە بەستێنی سەرەکی نارەزایەتیی دژبە بارووەدۆخی زاڵ. پتر لە دوو دەیە بوو کە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، ژەهری ستراتێژی ڕیفۆرمخوازییان بەسەر گیان و جەستەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەپژاند. لە کاتی "هەڵبژاردنەکان"دا، بژاردەی خراپ و خراپتریان، لەبەردەم خەڵك دادەنا. ئاخێزی مانگی بەفرانبار بارگەوبنەی ستراتێژ و وتاری ڕیفۆرمخوازانی تێکەوەپێچا

ئاخێزی مانگی بەفرانبار هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بەرەی خەڵك گۆڕی و ڕووحێکی تازەی خستە ناو جەستەی خەباتی کرێکارییەوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ڕەوتی بێ وەستان و ڕوو لە گەشەی مانگرتنی شکۆدار و نارەزایەتی کرێکاری لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، مانگرتن و نارەزایەتی سەرتاسەری موعەلیمان، بزووتنەوەی نارەزایەتی دژبە سیاسەتی وێرانکەری ژینگەیی ڕژیم، بە ڕوونی واقعییەتی بەردەوام بوون و ڕەوتی پێگەیشتنی نارەزایەتییە کرێکارییەکان و خەباتی جەماوەریمان پێ نیشان دەدەن. هەروەها ئاخێزی سەرتاسەریی خەزەڵوەری ٩٨ لە درێژەی ئاخێزی سەتاسەریی بەفرانباری ٩٦ و بێتوانایی و داماویی ڕژیم لە کۆنترۆڵ کردنی قەیرانەکان و وڵامدانەوە بە خواستی خێرا و کەڵەکەکراوی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا، حەتمی بوونی گەشەی خەباتی کرێکاری و جەماوەری نیشاندا. هەژاران و بێبەشانی شار لە ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر بە خۆڕاگری و پایەدارییەکی گیانفیدایانە کە لە بەرابەر سەرکوتی دڕندانە و خوێناوی حکوومەتی ئیسلامیدا لە خۆیان نیشانیان دا و بە هێرش بۆسەر بانک و ناوەندی

نیزامـی و مەزهەبـی، ئـەم هێمایانـەی دەسـەڵاتی سـەرمایەی ئیسلامـی، زەربەیەکـی بەتەوژمیـان لـە ستراتیـژی تێپەڕینـی هێمنانـەی ئۆپۆزیسـیۆنی بۆرژوایـی دا و وتـاری تێپەڕینـی شۆڕشـگێرانە لـە ڕژیمـی ئیسلامییان بەهێزکرد

ئاخێـزی شۆڕشـگێڕانەی ژینـا کـە بـە شـێوازی جۆراوجـۆر بەتایبـەت لـە بەرەنـگاری و خەباتی بوێرانـەی ژنانی ئازادیخواز دژبـە یاسای دژەژنـی کۆمـاری ئیسلامیدا هـەروا درێـژەی هەیـە، لـە ئیدامـەی ئاخێـزی مانگـی بەفرانبـاری ٩٦ و خەزەڵـوەری ٩٨ یەکێـک لـە بەرینترین و درێژماوەترین ئاخێـزە شۆڕشـگێرانەکان بـووە لەمـاوەی پتر لـە چـوار دەیـەی ڕابـردوودا. ئـەم ئاخێـزە کـە بەنـاوی ڕەمـزی "ژینـا"وە دەسـتی پێکـرد، پشـت ئەسـتوورە بـە



هەمـوو ئـەم دەسـتکەوت و داتـا بابەتییانـەوە. لـەم ڕووەوە بـە شـکۆیەکی چەنـد بەرابـەر مـەزنتر لـە ئاخێزەکانی پێشـوو هاتـە مەیـدان. ئـەم ئاخێـزە شۆڕشـگێرانەیە بـە دروشـمی "ژن، ژیـان، ئـازادی"، "نـە ڕووسـەری، نـە تووسـەری، ئـازادی، بەرابـەری"، "مـەرگ بـۆ دیکتاتـۆر و مـەرگ بـۆ خامنەیـی" و بـە کـردەوەی سـەمبۆلیکی وەک فڕێـدان و سـووتاندنی حیجاب لەسـەر شـەقام و سـەما و هەڵپەڕیـن لـە دەوری ئاگـر، یەکێـک لـە بنەماکانـی ئایدیۆلـۆژی حکوومەتـی ئیسلامـی تێکشـکاند. ئـەم ئاخێـزە بـە هێرشـکردنە سەر بەهێزترین پێگـەی ئیسلامـی سیاسـی و یاسـای سـەختی دینـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقـا، بزووتنـەوەی ڕزگاری ژنـی لـە ناوچەکـە بـردە قۆناغێکـی نوێـوە و بـوو بـە هـێمای بزووتنـەوەی ڕزگاری ژن لـەم ناوچەیـە. ئـەم بزووتنەوەیـە بـە دروشـمی "مـەرگ بۆ چەوسـێنەر، چ شا بێت و چ ڕێبـەر" کـە لـە شـەقام و زانکـۆکان دەنگی دایـەوە نیشانی دا کـە ئۆپۆزیسـیۆنی خوازیـاری دەسـەڵاتی پاشـایەتی هیـچ پێگەیەکـی لەنـاو ژنانی ستەملێکراو، کرێکاران و زەحمەتکێشـانی کۆمەڵگەدا نییـە. ئـەم ئاخێزە شۆڕشـگێرانەیە لەبواری ڕەنگدانـەوەی جیهانـی و ڕاکێشـانی پشـتیوانی و هاوپشـتیی بیـروڕای پێشـکەوتنخواز لـە سەرانسـەری جیهـان پێگەیەکـی تایبەتـی لـە مێـژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانـەی خەڵکـی ئێرانـدا تۆمـار کـردووە

**بەرز و بەرێز بێت یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی ئاخێزی سەرانسەریی مانگی بەفرانباری ٩٦**

❊❊❊

## :"بەیاننامەی کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام
## بێدەنگبوون لە بەرامبەر وەها کارەساتێک، پەرەی پێدەدات

لـەو ڕۆژانـەدا کـە دەنگـی دادخـوازی و ناڕەزایەتـی خەڵـک و چـالاکان دژبـە ئێعـدام لـە هەمـوو کاتێـک بەرزتـر بووەتـەوە، نەتەنیـا ئێعـدام و سـەرکوت کـەم نەبووەتـەوە، بەڵکـوو حکوومەتـی دیکتاتـۆر بەشـێوەیەکی بەرچـاو پـەرەی پێـداوە. بەجۆرێـک کـە دەزگای قەزایـی لەمـاوەی ڕۆژانـی ڕابـردوودا سـڕکردنی ئەندامانـی جەسـتە (دەسـت و پـێ)ی بـۆ تۆمەتبارانـی دزی و موحاربـە موجـاز ڕاگەیانـدووە تـا جەنایاتـی وەحشـیانەی خـۆی ئاسایی بکاتـەوە و بـە وەهـا شـێوازگەلێکی سـەرکوتگەرانە، تـرس و خـۆف و زەبروزەنـگ لـە کۆمەڵـگادا پەرەپێبـدات. زۆرێـک لـەم تۆمەتبارانـەی دزی، قوربانیـی گەندەڵیـی پێکهاتەیـی، هەڵاواردنـی چینایەتـی، دزی و گەندەڵـی نجوومـی حـاکمان و دەسـت و پەیوەندەکانـی حکوومەتـن

حکوومەتـی دژەژنـی دەسـەڵاتدار لـە ئێـران، لـە درێـژەی سـەرکوتگەرییەکانیدا، ژمارەیـەک لـە زیندانییانـی ژنـی لـە زیندانـی قرچـەک بەتۆمەتـی پەیوەنـدی نامـەشرووع بـە سـزای کۆنەپەرسـتانەی سەنگسـار مەحکـووم کـردووە کـە لـە خۆشـبینانەترین حاڵەتـدا، لەوانەیـە حوکمەکەیـان بـۆ ئێعـدام بگۆڕدرێـت. ئێمـە لـەو باوەڕەداین کـە بێدەنگبوون لـە بەرامبـەر ئـەم کارەسـاتانە یارمەتیـدان بـە پەرەپێدانیانـە و دەبـێ لـەدژی ئـەم وەحشـیگەری و بەربەرییەتـە بوەسـتینەوە

حکوومـەت لـە دە ڕۆژی سـەرەتای مانگـی بەفرانباردا ٤١ کـەس و تەنیـا لـە سـێ ڕۆژدا ٢٣ کەسـی ئێعـدام کـردووە. وە ژمارەیەکـی زۆر لـە مەحکوومـان بـە ئێعـدام لـە زیندانـە جۆراوجۆرەکانـدا بەمەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی حوکمەکەیـان بۆ ژووری تاکەکەسـی ڕاگوێـزراون.

بەندکـراوی سیاسـی، موجاهـد کورکـور، کـە زیاتـر لـە دوو سـاڵە لـە زینداندا ڕاگیـراوە، بـۆ جـاری دووهـەم حوکمـی ئێعدامەکـەی کـە پێشـتر لەلایـەن دیوانـی بـاڵاوە هەڵوەشـابووەوە، لـە دادگای ئینقلابـی ئەهـوازدا تەئید کـراوە و گیانـی لـە مەترسـیدایە.

لـەم دواییەشـدا ئـەو پارێـزەرە ئازادیخـواز و شـەریفانەی کـە هـەوڵ دەدەن پەروەنـدەی بەندکراوانـی سیاسـی و مەحکوومـان بـە ئێعـدام لەئەسـتۆ بگـرن لەلایـەن حکوومەتـی دیکتاتـۆری وەلـی فەقیهـەوە دەخرێنـە ژێـر فشـارەوە و هەڕەشـەی دەستبەسـەرکردنیان لـێ دەکرێـت. لەمـاوەی ساڵانی ڕابـردوودا گەلێـک جـار شـایەدی زیندانـی کرانـی پارێـزەران تەنیا بەخاتری دیفـاع لـە بەندکـراوان بوویـن. پێویسـتە لـەم پارێـزەرە شـەریف و ئازادیخوازانـە دیفـاع بکەیـن.

لەمـاوەی ڕۆژانـی ڕابـردوودا شـایەدی پشـتیوانی بەریـن لـەم کەمپەینـە لەلایـەن چالاکانـی نـاوەوە و دەرەوەی وڵات بوویـن. ئێمـە سـەمیمانە سپاسـی هەمـوو لایـەک دەکەیـن و لـەو باوەڕەدایـن کـە دژایەتـی لەگـەڵ ئێعـدام دەبـێ بـە مانـای دژایەتـی لەگـەڵ هەرجـۆرە کوشـتنێک و پشـتیوانی لـە هـەر تاکێکـی مەحکـووم بـە ئێعـدام بێـت.

کەمپەینـی "سێشـەممەکانی نـا بـۆ ئێعـدام" وێـڕای مەحکـووم کردنـی کـردەوەی سـەرکوتگەرانە و دژەئینسـانی حکوومـەت کـە پێشـێلکردنی ئاشـکرای مافـی ئینسـانە، داوا لـە هەمـوو چالاکانی ئـەم بـوارە دەکات کـە بـۆ بەرنگاربوونـەوە لەگـەڵ سـەرکوت و ئێعـدام لـە ئێـران هەنـگاوی کردەوەیـی هەڵگـرن

هەروەهـا لـە خەڵکـی ئێـران و بەندکراوان داواکاریـن کـە بـۆ ڕاگرتنـی حوکمـی ئێعـدام لـە ئێـران، لـەم کەمپەینـە پشـتیوانی بکـەن و پەیوەسـتی بـن. بـە هاوپشـتی و یەکگرتـن دەتوانیـن ئێعـدام ڕیشـەکێش بکەیـن و کۆمەڵگایەکـی بـەدوور لـە توندوتیـژی و ئێعدام بونیات بنێین. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە




بڕیاردەران و ئەنجامدەرانـی ئـەم ئێعدام و کوشـتار و سـەرکوتانە گەورەتریـن تاوانکارانـی دژبـە مرۆڤایەتـی کـە دەبـێ لـە دادگای خەڵکـدا سـزای شـیاوی خۆیـان وەرگـرن. بێگومـان زۆرێـک لـەو تاوانانـە بەهـۆی حاکمـە سـتەمکارەکانەوەن کـە لەپێنـاو بەرژەوەنـدی خۆیـان دەسـتیان بەسـەر دەسـەڵات و حکوومەتـدا گرتـووە و دژی هـەر جـۆرە ئـازادی و یەکسـانییەکن

ئەندامانـی کەمپەینـی "سێشـەممەکانی نـا بـۆ ئێعـدام"، ڕۆژی سێشـەممە ١١ی مانگـی بەفرانبـاری ١٤٠٣، بـۆ چـل و نۆهەمیـن هەفتـە، لـە ٢٨ زیندانـی خـوارەوە مانگرتـن لـە خـواردن بەڕێـوە دەبـەن.

زیندانـی ئێڤیـن (بەنـدی ژنان، بەنـدی ٤ و ٨) ، زیندانی قزلحەسار (واحیـدی ٢ و ٤)، زیندانـی ناوەنـدی کـەرەج ، زیندانـی فەشـافویە ، زیندانـی خورینـی وەرامیـن، زیندانـی ئـەراک، زیندانـی خـورەم ئاباد، زیندانـی ئەسـەدئابادی ئیسـفەهان، زیندانـی دەسـتگردی ئیسـفەهان، زیندانـی شـیبانی ئەهـواز، زیندانـی نیـزام، شـیراز، زیندانـی بـەم، زیندانـی کەهنـوج، زیندانـی تەبـەس، زیندانـی مەشـهەد، زیندانـی قائمشـار، زیندانـی ڕەشـت (زیندانـی پیـاوان و ژنـان)، زیندانـی ڕودسـەر، زیندانـی ئەردەبیـل، زیندانـی تەورێـز، زیندانـی ورمـێ، زیندانـی سـەلماس، زیندانـی خـۆی، زیندانـی نەغـەدە، زیندانـی سـەقز، زیندانـی بانـە، زیندانـی مەریـوان، زیندانـی کامیـاران

سێشەممە ١١ی بەفرانباری ١٤٠٣

**کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام**

❊❊❊

# گەلاڵەی مەنشووری چوار ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری
# بۆ یەکگرتنی خانەنشینان لە ڕێکخراوێکی گشتی و سەربەخۆدا

پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتی لە کۆمەڵگا بناغەکانی ژیانی ماددی و مەعنەوی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بەرەو تەباهی و لەناوچوون بردووە. جیاکاری و نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، مەودای بەرینی نێوان چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ خاوەنانی سەرمایە و دەسەڵات بەئاشکرا نیشان دەدات و زیاتر پەرەی پێدەدات. ئەم ناتەبایی و جیاوازییە چینایەتییانە پەرەسەندنی نارەزایەتی خەڵکی لێکەوتووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەیکە جەماوەری ستەملێکراوی کۆمەڵگا بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتی و ئیعترازی خۆیان لەئاستی کۆمەڵگادا دەربڕن و .داخوازییەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا رابگەیینن
خانەنشینانیش کە توێژێکی بەرین لە زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا



پێکدەهێنن، بەهۆی ئەم ستەمە چینایەتییە کە لەلایەن چینی دارا و نیزامی سیاسی دەسەڵاتدارەوە بەسەریاندا دەسەپێت وەگیان هاتوون و لەم موناسباتە ڕەنج دەبەن. بێتوانایی لە دابینکردنی تێچوی ژیان و کەم بوونی ئاستی حەقدەست و مووچە و هەڵاواردنی جۆراجۆر و بەتایبەت نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕێکخراو و ئازادی ڕەخنەگرتن و نارەزایەتی، خانەنشینانی هێناوەتە ریزی نارازییانی کۆمەڵگاوە و ڕەوانەی شەقامەکانی کردوون. ئەم نارەزایەتییە لەو کۆبوونەوە جۆراوجۆرانەدا خۆی نیشان دەدات کە خانەنشینان بۆ گەیاندنی دەنگیان لە بەرامبەر ناوەندە فەرمییەکاندا بەرپای دەکەن. لەڕاستیدا کۆبوونەوەکانی سەرشەقامی خانەنشینان کردارێکی کۆمەڵایەتییە کە لێبڕاوبوونیان بۆ بەدواداچوونی خواستەکانیان و تێکۆشانیان بۆ گۆڕینی بارودۆخی .ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نیشان دەدات
پێویستە خانەنشینان بۆ کاریگەرتر کردنی ئەم کۆبوونەوانە هەوڵ بدەن ڕێکخراوی سەربەخۆ، گشتگیر و سەرتاسەریی خۆیان پێکبهێنن. وە بە گونجاندنی خواستەکانیان لە مەنشوورێکی هاوبەشدا، ئاستی ناسین و هۆشیاریی خۆیان سەبارەت بە زانست و خەبات و چۆنیەتیی گەیشتن بە خواستەکانیان زیاتر بەرنە سەرێ. خانەنشینان پێویستە بەرەو پێکهێنان و پەرەپێدانی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەساسەن ئامرازی خەبات بۆ خواستی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕەفاهین هەنگاو هەڵگرن و بۆ وەدیهێنانیان خەبات بکەن تا بتوانن بناغەی ڕێکخراوە سەربەخۆ و گشتگیر و سەرتاسەرییەکانی خۆیان .دابڕێژن و پەرەی پێبدەن

:بنەماکانی خەباتی خانەنشینان بریتین لە

١ – گەڵاڵەکردنی ڕوون و وردی خواستی دەستبەجێ و کورتماوە و درێژماوەی ئابووری – کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر شکڵیان گرتووە و سەرجەم خانەنشینان .لەسەری ڕێککەوتوون

٢ – پێویستی بانگەشەکردنی هەموو خانەنشینان لەوانە کشوەری، لەشکری، تەئمینی ئیجتماعی، فووڵاد، نەوت، موخابرات، ئاو و بەرق، ماشێن سازی، موعەلیمان، تەندروستی و دەرمان، شارەدارییەکان، و هیتر بۆ بەدواداچوونی خواست و داخوازییەکانیان و ئامادەکردنی بارودۆخێک کە وەدیهێنانی ئەم خواست و داخوازییانە لە ڕێگا .جۆراوجۆرەکانی نارەزایەتی و خەباتەوە ئاسان بکاتەوە
٣ – بانگەشەکردنی هێزی لەسەرکار بۆ پێکهێنانی بارودۆخێک کە یەکگرتوویی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی لەسەرکار و خانەنشین، بەمەبەستی درێژەی خەبات لەپێناوی دەستەبەرکردنی خواستە هاوبەشەکانیان و پەرەپێدانی ئەم یەکگرتوویی و هاوپشتییە .فەراهەم بکات

ئامانج و داخوازییە دەستبەجێکانی خانەنشینان

١ – بردنەسەری دەستبەجێی مووچەی خانەنشینان بەپێی ئاستی داهاتی مامناوەندی خۆشبژێوی کۆمەڵگا بۆ هاتنەدەر لە ژێر هێڵی هەژاری. حقووق و مووچەی خانەنشینان نابێ لە خەرجی ژیانی مامناوەندی بنەماڵەیەکی شاری کەمتر بێت. وەها حقووقێک دەبێ هەموو ساڵێ یەک جار (یان هەر شەش مانگ یەکجار لەسەر بڕیاری خانەنشینان) بەلەبەرچاوگرتنی ڕێژەی ڕاستەقینەی تەوەرۆم .زیاد بکرێت
٢ – دەرمانی بەخۆڕایی و بیمەی کارامە و گشتگیر لە جیاتی بیمەی .تەکمیلی و پرهەزینە، بۆ کەسانی خانەنشین و لەسەرکار
٣ – شەفاف کردنی وەزعییەتی سندووقەکانی خانەنشینی و گەڕاندنەوەی سەرمایە تالانکراوەکان بۆ ناو سندووقەکان. هەروەها پێویستی چاوەدێریی نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراو بەسەر .ئەم سندووقانەدا
٤ – بەڕێوەبردنی هاوسانسازیی حقووق و مووچەی خانەنشینان و .کەسانی لەسەرکار بەپێی „بەندی ١“ی ئەم بەیاننامەیە
٥ – درانەوەی سەرجەم قەرزەکانی دەوڵەت بە سندووقی تەئمینی .ئیجتماعی و باقی سندووقەکانی خانەنشینان
٦ – دژایەتی لەگەڵ زیادکردنی ساڵەکانی خزمەت و تەمەنی .خانەنشینی
٧ – مافی پێکهێنان و بەڕەسمی ناسینی هەرجۆرە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و هەروەها مافی بەرپاکردنی مانگرتن، کۆبوونەوە، ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە، بە بێ هەڵسووکەوتی ئەمنیەتی .و پۆلیسی
٨ – ئازادیی بێ شەرت و مەرجی هەموو کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، ژنان، خوێندکاران و چالاکانی سیاسی لە زیندان، خەبات بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بیرکردنەوە و پێکهێنانی ڕێکخراو و خەبات دژبە هەرجۆرە زەبروزەنگ و سەرکوتی ئازادیی خەڵکی .کرێکار و زەحمەتکێش
٩ – پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای ژنان، بەتایبەت ژنانی کرێکار و .خانەنشین
١٠ – دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو بۆ هەموو .خانەنشینان
١١ – هەوڵ بۆ دروستکردنی ئامراز و ئیمکاناتی فەرهەنگی و وەرزشی و شوێنی گەشت و سەیران بۆ سەرجەم خانەنشینان لە .شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران

:ئامانجە کورتماوە و درێژماوەکان

ئامانجە کورتماوە و درێژماوەکانی خانەنشینان لەپێناوی داخوازییەکانی سەرەوە و پەرەپێدان و پتەوکردنیان دەتوانن لە جەریانی کردەوە و هاوفکری و هاوسۆزیی هەموو چالاکاندا شێوازێکی دیاریکراو و ڕوون بەخۆی بگرێت. بێگومان جێخستنی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی خانەنشینان و هاوکاری ئەوان لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەپێناوی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە ئێوانیاندا دەتوانێ ئامانجی کورتماوە و درێژماوەی خانەنشینان بێت. ئەمجۆرە ناوەندانە نەتەنیا لە وەدیهێنانی مافەکانی خانەنشینان، ڕێگری لە پێشێلکردنی مافەکانیان و زەمانەتکردنی ژیانیان گرینگ و چارەنووسسازن بەڵکوو لە دابینکردنی خۆشبژێوی، گەشە و پێشخستنی فەرهەنگی کۆمەڵگا و هەروەها لە گواستنەوەی ئەزموون بۆ توێژی لاوتری .کۆمەڵگا یەکجار کاریگەرن

پێشنیاری کردەوەیی

دیاریکردنی سێ کۆمیتە بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەت و بەرنامەی :ڕێکخراوی سەربەخۆ و گشتگیر
١ – کۆمیتەی بانگەشە، پەرەپێدان و پەروەردە
٢ – کۆمیتەی ڕێکخستن
.٣ – کۆمیتەی ماڵی

ئەرکی کۆمیتەی بانگەشە، پەرەپێدان و پەروەردە
ئەم کۆمیتەیە دیاریکردنی بنەما، خواست و دروشمەکانی تەبلیغ و بانگەشەی بۆ خەباتی ئابووری – کۆمەڵایەتی لەئەستۆدایە. ئەم کۆمیتەیە گەڵاڵە و پێشنیاری خۆی لەم بوارانەدا پێشکەشی .کۆبوونەوەی گشتی دەکات کە دەبێ لەوێدا پەسند بکرێت
ئەم کۆمیتەیە لە بەڕێوەبردنی میدیای ڕێکخراو (کەناڵ یان ماڵپەڕ .یان وێبلاگ و هتد) بەرپرسیارە

:ئەرکی کۆمیتەی ڕێکخستن بریتییە لە
.١ – ڕێکخستنی ئاکسیۆن و کۆبوونەوەکان
٢ – هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ڕێکخراوی هاوشێوە لە ناوچە و شارەکانی دیکەی وڵات
٣ – پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، ژنان، خوێندکاران و هیتر بۆ هاوکاری و ئاکسیۆنی .هاوبەش

:ئەرکی کۆمیتەی ماڵی
کۆکردنەوەی حەقی ئەندامیەتی، یارمەتیدان بۆ پێکهێنانی سندووقە .ماڵییەکان

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە
گرووپی یەکیەتیی خانەنشینان
کرێکارانی خانەنشینی خووزستان
کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

٩ی مانگی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

***

## شێعر

### "لەشکری برسیەتی"

لەشکری برسیەتی ری دەکا
ڕێ دەکا
تازکێ، نان بخوا
تا ژەمێ، گۆشت بخوا
چەند پەڕێ کتێبی دەست کەوێ
شنەیەک ئازادی لێی بدا....
ڕێ دەکا و پەردەکان جێ دێڵێ
وەک شمشێر دەی بڕێ
ڕێ دەکا و دەرگا گەر پۆڵاش بێ
بەرگەی پێی ناگرێ.
دیواری قەڵاکان تێک دەدا
پێ لە خوێن ڕێ دەکا.
لەشکری برسیەتی ڕێ دەکا
بە هەنگاوی هەوری بە گرمەی بەهاری
ڕێ دەکا
سروودی ئاگرن
پڕ هیوا بە ئاڵای وەک گڕی
پڕ هیوا بە هیوا....
لەشکری برسیەرتی ڕێ دەکا
شار بە گوڵ
بە کۆڵان وماڵ و زنجیەوە
دووکەڵ کێشەکان و
ماندوویی بێ پەڕی
کاتـی هاتـە دەری کارخانـەی لـە
کۆڵـە
لەشکری برسیەتی ڕێ دەکا
گەڕەکی فەقیری زنج نشین
بە شوێن خۆیدا دەبا
ئەوانەی دەمرن و
نیانە بستێ خاک لەم ئەرزە بەرینەی
بێ ئەوپەڕ
لەشکری برسیەتی ڕێ دەکا
ڕێ دەکا برسیەکان تێر بکا
ڕێ دەکا ئازادیی پێشکەش کا
بە وانەی نیانە.
پێ لە خوێن ری دەکا ....

ناظم حیکمت

وەگێر: ڕێبوار

***




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧